## ئەدەبیات

چەندین هەوڵی جیاواز بۆ پێناسەی ئەدەب دراوە، بۆ نموونە دەتواندرێت ئەدەبیات بە نووسینێکی خەیاڵی بە واتای داستان یان نووسینێک کە راستەقینە نییە پێناسە بکرێت. تەنانەت ئەو شتانەی کە خەڵکی بە گشتی بە ئەدەبیاتی ناو دەبەن، قسە لەسەر ئەوەیە کە ئەم تێڕوانینەی ئەوان بۆ پێناسەکردنی ئەدەب تەواو و کامڵ نییە.

بۆ نموونە ئەدەبیاتی ئینگلیزی سەدەی حەڤدەهەم بە تەنها بەرهەمەکانی شکسپیر و ویبستر و مارول و میلتون نییە، بەڵکوو وتارەکانی فرانس بیکن و وتارەکانی جاندان و ژیان نامەی سێر تۆماس دەگرێتە خۆی، هەروەها ئەدەبیاتی سەدەی حەڤدەهەمی فرانسە کە نووسەرانی وەک( کورنی راسین و پەند و ئامۆژگارییەکانی لا شفکۆ ولاواندنەوەکانی بوسوئەو و نامەکانی بوالۆ سەبارەت بەشیعر، نامەکانی مەدام دوسوویینە بۆ کچەکە ی فەلسەفەی دێکارت و پاسکال دەگرێتە خۆی.

سەبارەت بە ئەدەبیاتی عەرەبی لە شیعرەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە پەخشان، ئەدەبیاتی عەرەبی بە سەر چەند قۆناغێک دابەش دەبێت کە هەر قۆناغەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە ئەدەبیاتی جاهیلی تا دەگاتە ئەدەبی نوێ و هاوچەرخی عەرەبی.

سەبارەت بە ئەدەبی کوردی جگە لە شیعر پەخشان بە هەموو جۆرەکانییە دەگرێتەوە. شیعری کلاسیکی کوردی و ئەدەبیاتی گۆران و شیعری نوێ و هاوچەرخیش دەگرێتەوە، هەروەها لە بواری پەخشانیش چیرۆکی کوردی و رۆمان و وتارو..هەموو ئەمانە دەچنە خانەی ئەدەبیاتەوە. ئەگەر تەماشای ئەدەبیاتی دراوسێ بکەین لە فارس و تورک ئەوا خۆیان لە بابەتەکانی وەک پەند و ئامۆژگاری و ژیان نامە ووتاری ئەدەبی و چیرۆک رۆمان دەبینێتەوە، کە بۆ سەردەمی ئیسلام و مەغۆل و قاجار.. تا دەگاتە ئەدەبی نوێی فارسی و تورکی.

**ڕەنگە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبیات ڕێگای تری پێویست بێت، دەکرێت ئەدەبیات لەسەر بنەمای داستانی یا خەیاڵی یا خوود دەکرێت لەسەر بنەمای زمانی بێت بە شێوەی تایبەت.**

**بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئەدەب چییە؟چۆن قوتابخانە جیاوازەکان دابەشیان کردووە؟ چۆن پەیوەست بوونە بەرێبازەکان و تیۆرەکان؟ ئەم پرسیارە زۆر کۆنە و وەڵامەکەی دەکەوێتە سەر ئەوەی چۆن وەڵام دەدرێتەوە، بوونی ئەدەب زۆر کۆنە وەکوو کۆنی مرۆڤایەتی، چونکە پەیوەندی بە هەستی مرۆڤەکان و نهێنیەکانی ژیانەوە هەیە.**

**لەدایکبوونی ئەدەب لە ئەنجامی ململانێی نێوان زمان و ئەدەبەوە هاتۆتە ئاراوە، کە زمان لەدەرەوەی خۆیدا کاردەکات، بەڵام ئەدەب بە پێچەوانەوە گوتارێکی دیاریکراوە لە خودی خۆیدا، یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، ئامانجەکانی تایبەتن لە مرۆڤێکەوە دەردەچێت کە فێردەبێت و لە نوێ تاقیدەکاتەوە، چونکە لە پێناو خۆیدا لێرەیە، وەک بوونەوەرێک کە نرخی خۆی هەیە، بیرکردنەوەی خۆی هەیە. ئەدەب لەگەڵ بەردەوام بوونی ژیان و شارستانییەت بەردەوامی خۆی تەواو دەکات. بەهۆی بەردەوام بوونیەوە ئەدەب خۆی کردە قوربانی زمان، سەرەڕای هەموو شتێک هەردووکیان هۆکارێکن بە گوێرەی قۆناغەکانی مێژوویی نێوان خەڵکی وسەدەکانی نوێ و کۆن، و ئەدەب هەردووکیان پێکەوە زمانی قسەکردن درووست دەکەن کە لە نێوان ڕابردوو و ئێستا و لە نێوان نووسەرەکان و جەماوەرەکەی بە پێی درێژایی جیلەکان و لە نێوان نووسەر و کتێبدا ئەم پەیوەندییە ناپچڕێت. هەر ئەم تیۆرەیە کە ئەدەب بەرجستەی کردووە، زمانیش لە چوار چێوەی سیاق و تێگەیشتن و گووتار یان بە پێچەوانەوە ئەم پەیوەندییەی درووست کردووە. ئەمەوای کردووە ئەدەب لە پێناو بوونیاد و هزر و مێژوودا قوربانی بدات، بۆیە ئەدەب و زمان دوو پێویستی کۆمەڵایەتیین کە مرۆڤ لەڕووی فیکر و گوزارشتەوە تەواوی دەکات. بە تێڕوانینی "جیدانۆف" ((ئەدەب بەرپرس بوو)). ئەم بەرپرسیارەتییە هەموو ئەو بنەمایانە دەگرێتەوە کە بەرپرسە لەسەر بارودۆخی**

کۆمەڵایەتی و قۆناغە مێژووییەکانی ئەدەب و زمان.ئەدەب وەزیفەکەی شەرەفی (بیروباوەڕەکەی و ئایدۆلۆژیاکەیەتی).

دیاریکردنی ئەدەب چییە؟

دیاریکردنی ئەدەب لە مێژە بۆتە جێگای گفتوگۆی نێوان فەیلەسوفانی زمان و رەخنەگرانی ئەدەب و زانایانی زمانەوانی و بونیادگەرەکان، هەروەها دیاریکردنی ئەدەب لە ناو زانستە مرۆییەکان بە هەمان شێوە بۆتە بابەتی گفتوگۆ، لەوانەش لێکۆڵەرانی بواری فەلسەفەی فیقهی، زانستی جوانی ناسی لە ناویاندا ئەدیبەکان و نووسەران و زانایانی داڕشتن و رەوانبێژی و خۆشخوانی. هەموو ئەم دیاریکردنانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە تێڕوانینەکان بۆ دیاریکردنی ئەدەب رووبەڕووی بیری جیاواز دەبێتەوە لەگەڵ جیاوازی تیۆرەکان بە پێی مەبدەئی یاسادانان.

ئەم جیاوازییە شتێکی سروشتییە، چونکە عورف بڕیاری لەسەر دەدات، تەجروبەش پشتگیری لێدەکات، چونکە ئەدەب ئاشکراکردنە بۆ مرۆڤ و جیهان. ئەم ئاشکراکردنە پێوەری ژیاری تایبەتی هەیە کە بۆمان دیاریدەکات، کە لێرەدا جیهان و مرۆڤ بە یەکەوە بوونیان لە زەمەنە جیاوازەکاندا بە پێی پێشکەوتنیان دیاریدەکرێت. بۆیە تۆدۆرۆف لە م بارەیەوە دەیگووت: (( نابێت و ناکرێت ئەدەب شتێک بێت، ئەگەر بێت و بوارمان بۆ نەڕەخسێنێت کە بەباشترین شێوە لە ژیان تێبگەین)).

ئەدەب سەرجەمی بەرهەمی چاپکراوی( گەلێک، چەرخێک، یان هەموو مرۆڤایەتی) دەگەیەنێت، مەبەستمان لە ئەدەبی داهێنان وەک: (( شیعر، چیرۆک، رۆمان، دراما..)کە رواڵەتێکی هوونەر و بەشێکی دەگەیەنێت.

پرسیارێک دێتە پێشەوە ئایا ئەدەب هەر ئەوەیە کە نووسراوە یان ئەدەبی زارەکییش دەگرێتەوە؟ بێگوومان ئەمیش هەر بەشێکە لەئەدەب، بۆ نموونە (ئیلیادەی)هۆمیرۆس، کە بەسەرەتای ئەدەبی یۆنانی دەژمێردرێت و بۆ(٧٠٠)ی پێش

زایینی دەگەڕێتەوە، باسی شەڕی (سپارتا) و (ترۆیا)یە بەگۆرانی هۆنراوەتەوە و دەماو دەم هاتووە تا هۆمیرۆس نوسیویەتی و بە ناوی ئەو تۆمار کراوە.

لێرەدا بابەتێکی دیکە دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە هەندێک لەو بابەتانەی کەوا زانستین یاخود کۆمەڵایەتین لە زانکۆکاندا دەخوێندرێن وەکوو کیمیا فیزیا و... کە بابەتی پراکتیکین، ئەوانە ڕاستە هەموو نووسراون بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە چەمکێکی تەواو سنووردار و دیاری کراوە. ئەدەبی داهێنانی هونەرییەکە بابەتەکانی وەکوو شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، و دراما،.. دەگرێتەوە. جاری وا هەیە هەندێ مەبەست بە شیعر بە کێش و قافیەوە نووسراون، بەڵام ناوەرۆکێکی زانستی و زانیار بەخشیان هەیە تا مەبەسێکی هونەری، بۆ نموونە وەکوو بابەتە فەلسەفییەکانی کە یۆنانییەکان دەیاننووسین یا دەقی ئایینی. شایەنی باسە هەندێ لە دەقە ئایینییەکان بە زمانێکی ناسک و هونەری و بە ئاوازەوە نووسراوان، بەهایەکی ئەدەبی بەرزیان هەیە بۆیە دەشێ هەندێک لەوانە دەچێتەخانەی ئەدەبی داهێنانەوە، هەر وەکوو ئاڤێستای زەردەشتی یاخود ئەو بابەتانەی کەوا هەیە وەکوو مەسحەفی رەش و قەولی ئێزدییەکان هەمو ئەوانە دەچنە ناو بابەتی ئەدەبیاتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو شاعیرێک بەسەرهاتێکی مێژوویی وەکوو هەواڵ، دەنگ و باس بە شیعر یان بە پەخشان بنووسێت و بەڵام ئەگەر مەبەستی باسەکەی ڕاپۆرت ئاسا بوو بێ ئەوەی ڕەچاوی یاسا و ڕێسا ئەدەبییەکان بکات ئەوا ناچێتە چوارچێوەی ئەدەبی داهێنانەوە، بەڵام ئەگەر سوودی لە مێژوو وەرگرتبوو بە شێوازێکی هونەری ئەوا بە بە داهێنانی هوونەری ئەدەبی ئەژمار دەکرێت. بۆ نموونە ڕۆمانی جەنگ و ئاشی تۆڵستۆی کە لەسەر بنەمای ڕووداوی هێرشی ناپولیۆن بۆ سەر ڕووسیا نووسراوە و بە یەکێک لە شاکارەکانی مێژووی ئەدەبی جیهانی دادەنرێ، چونکە لە نووسینەکەیدا شێوازێکی هوونەری بەکارهێناوە.

هەر لەمڕۆە جێگەی خۆیەتی قسەیەکی (ئەڕستۆ) بێهێنینەوە کە دەڵێت( ئەو شاعیرەی مێژوومان بە شیعر بۆ بهۆنێتەوە ئەوە شاعیر نییە، ئەوەشی کە لە

**مێژوونەگات ناتوانێ شاعیری چاک بێ). کەواتە ئەو نووسەرەی کە دێت سوود لە مێژوو وەردەگرێت بەشێوەیەکی داهێنەرانە لە ڕێگەی ناسکویێژی و ڕەچاوکردنی لایەنە هونەرییەکانی تری هەر ژانرێکەوە، سا شیعربێ، چیرۆک، رۆمان، یا درما بێت...بەرهەمێک دەنووسێ... ئەوە ئەدەبی داهێنانە. ئەگەر نووسینەکەشی هەندێک گێڕانەوەی ڕووداوی مێژوویی و ساڵ و بە شێوەیەکی وشک و برینگ بوون ئەوە پەیوەندی بە ئەدەبی داهێنانەوە نییە بابەتێکی مێژووییە.**

**هەروەها سەبارەت بە ئەدەبیاتی کوردی ئەگەر تەماشا بکەین بە مەم وزینی ئەحمەدی خانەی شیرین و فەرهاد لەیل و مەجنوونی ئەوانە هەموو ئەگەر بێت تەماشایان بکەین هەموویان بە شێوازێکی زارەکی دەمام و دەم گێردراونەتەوە دواتر لەلایەن شاعیرانەوە بە شێوەی پەخشان یاخوود بەشێوەی دیوانی شیعری نووسراونەتەوە.هەموو ئەمانە دەچنە قاڵبێ ئەدەبیاتی نووسراوەوە. کەواتە هەموو دەکرێت ئەوانەی ئەدەبی فۆلکلۆرن و نەنووسراونەتەوە بە ئەدەبی نووسراویان ئەژمار بکەین.**

**جگە لەمانە بۆ نموونە پاداشتێکی جهانی هەیە بە ناوی خەڵاتی(نۆبل) بۆ گەلێک لە زانستەکان و بۆ ئەدەب داندراوە، کەچی زۆربەی ئەوانەی وەریدەگرن ئەدیب و نووسەر نین.**

**لەکاری هوونەری ئەمڕۆدا وەک هوونەی سینەما، کە بەچاو دەبیندرێ، لەڕێگەی سیناریۆوە سازدەکرێ، گفتوگۆی پاڵەوانەکانی تێدایە و خۆی لەبابەتی دراما نزیک دەکاتەوە، گەلێک جار سیناریۆی فیلمێک رۆمانێکە، یان نووسینی هوونەرییە، بەڵام ئەم بابەتانە لەچوارچێوەی ئەدەب ناخوێندرێن. لێرەدا تەقالید(ترادیسیون) و تێگەشتنی خەڵک دەبنە پێوانە، کەواتە هەر بەرهەمێک یاسا و ڕێساکانی، رەوانبێژی و جوانکاری ئەدەبی داهێنانی هوونەری تێدا نەبوو، ناچێتە چوارچێوەی بابەتی زانستی ئەدەبناسییەوە.**

**پێشینەکان چۆن ئەدەبیان دیاری کردووە:**

بێگومان جیاوازی هەیە لە دیاریکردنی ئەدەب لە کۆنەوە تاکوو ئێستا، چونکە نە مرۆڤەکان وەک جارانن نە شارەستانێتییەکانیش وەکوو جاران ماونەتەوە، بۆیە ئەدەب ئەمەیە، واتا جیاوازییە. تیۆرەکان هەرچییەک بن کە پێشینەکان بە دەستیان هێنابێ یان لێکۆڵێنەوە قوڵەکان کە لە پێناو زانینەکان و چاکەکانیان لە شیکردنەوەی فەلسەفەی هونەر و جوانیناسی، مێژوو و زۆربەی زانستە فیکری و فەلسەفیەکانی تر لە پێناو ئەو شتانەی کە دەستکەوتی گرنگ و گەورە بووە کە بە دەست هاتوون. ئەمەش لە هۆمیرۆسەوە بە شیعر دەست پێدەکات تا دەگاتە نوێگەرەکان پاشان لە ئەرستۆڤانسەوە دەڕوات تا ئەوانەی پێش خۆیان دێت لە شانۆ، پاشان سوقرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ و هۆراس و کانت و ئیبن روشد و مارکس و کروتشییە وجۆرج لۆکاش لە فەلسەفە و ڕەخنە. دواتر دەڕوات بۆ باوکی مێژوو (هیرۆدۆتس) پاشان بۆ ناودارانی فارس و ڕۆمان دواتر ناودارانی عەرەب و ناودارانی هیند و چین و هەروەها گەلانی نێوان دوو ڕووبار پاشان شیعر لەلای گەلانی ئەورووپا لە ڕێنساسەوە بۆ شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی و فەڕەنسا.

هەموو ئەمانە ئەو هەوڵە تێکۆشانانە بوون کە لە پێناو ئاشکراکردنی جیهان و نهێنییەکانی عەقڵی مرۆڤ.

ئەوەی ئەمانە پێشکەشیان کردبوو لەو سەردەمە بە تێڕوانینی ئەم سەردەمە کەموکوڕی هەیە، بۆیە ئەمە هۆکارێکە کە تیۆری نوێ دروست بێت تا زیاتر پەی بە نهێنییەکان ببەن. هەر گۆڕانکارییەکی تازە بێتەکایەوە پێویستیان بە تیۆری نوێتر هەیە، کە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا و شارستانییەتی نوێ و ڕێڕەوی مرۆڤەکان لە جیلێک و بۆ جیلێکی تر دەگۆڕدرێت، چونکە هەندێک نهێنی شاراوە هەیە کە پێویستی بە ئاشکرا بوون هەیە تا بتوانرێ سوود لە وزە و توانای وەربگیرێ چ لە بواری هونەر یا جوانیناسی یا ئەدەب یا خانەی زانستی تا مرۆڤ بتوانێ بەباشی سوود لەو نهێنی و وزە شاراوانە وەربگرێت.

لەگەڵ ئەوەی کە ئەدەب دیاردەیەکی مرۆڤایەتیە قابیلی تەئویل و چاکسازی و شیکردنەوەیە، دەبێت لێی تێ بگەین یان وەرگێڕانی بۆ بکرێ تا لە دال و مەدولەکانی بگەین لە سیاقی دەقدا.

سەبارەت بەو هەموو ئاراستانەی ئەدەب بە گشتی لە شیعر و پەخشاندا خۆی دەبینێتەوە هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا نییە، ئەوەی دەگۆڕێت ناوی جیاواز و ئاراستەکانیەتی. بێگومان ئەم جیاوازییە تیۆری نوێ دەهێنێتە ئاراوە کە بە پێی کات و شوێن جیاوازە. وەک فلۆبێر دەڵێت: (ئەدەب واقیعی نووسراوە). بۆیە ئەو واقیعەی کە لە کۆندا نووسراوە لەگەڵ واقیعەی ئێستادا جیاوازە چ لە ڕووی بیرکردنەوە چ لە ڕووی دارشتنەوە.ئەگەر کۆمەڵگە مرۆڤی ڕاستەقینەی دروست کردبێ ئەوە ئەدەب مەملەکەتی مرۆڤی نموونەییە، بەو پێیەی ئەدەب ڕەنگدانەوەی ئەو ژیانەیە کە نووسەر دەیبینی یا بینیوێتی کە لەگەڵ جوان کاری هونەری تێکەڵ دەکات.

بۆیە ئەدەب زانستێکە بابەتێکی دیاریکراوی نییە تا تەماشای کارلێکەکانی بکەین بەڵکوو دەبێ تەماشای بەرهەمەکەی بکەین کە چۆن دەردەچێ و چ کاریگەرییەکی هەیە.

ڕەگەزەکانی ئەدەب:

یەکەم: عەقلانییەت، دووەم: ڕەگەزی ویژدانی، سێیەم: ڕەگەزی خەیاڵ، چوارەم: ڕەگەزی هونەری.

یەکەم: عەقلانییەت:

عەقلانیەت کۆی گشتی هزری نووسەرو ئەو واتایانەی کە بابەتەکە دەیگرێتە خۆی دەگرێتەوە، بەڵام دەوڵەمەندی بابەتەکە بە (قووڵی واتا، ڕاستگۆیی لە قسە ، ڕاستی مەبەست، بیری گونجاو، داهێنان، لە پاڵ ئەمەش قسەی نووسەر لە

**دیاریکردنی خودی خۆی لەناو بابەتەکە دروست دەبێت) و کاریگەری قسەی نووسەر لەسەر بابەتەکە بە دیار دەکەوێت.**

**دووەم/ ڕەگەزی ویژدانی:**

**ئەم ڕەگەزە پەیوەستە بە هەست و سۆزی ناو نووسینەکانی لە ژیان، هێز، هەروەها بڕوا پێهێنانی خوێنەر بەبێ ماندووبوون و ڕەمز چ لە بابەتەکەی یان لە هەمەجۆری شیکردنەوەی، و لە دایکبوونی هزری نوێ و ڕاستگۆیی لە سروشتەکەی خۆی. هەموو ئەمانە دەبێ بەر هەستەکانی کەسانی تر بکەون و وایان لێ بکات مەیلیان بەرەو خۆشی و دڵناخۆشی یا لایەنگیری یا هەستێکی تر بڕوا.**

**سێیەم/ ڕەگەزی خەیاڵ:**

**یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کە نووسەر بە جۆرێک بەرجەستەی دەکات کە لە پێش خوێنەری دادەنێ وەک ئەوە وایە ڕاستەقینە بێ لەناو جیهانێکی نوێدا کە لە وشەکانی دا (ڕوو ئیا ڕەنگ و بۆن و وێنە هەڵدەقوڵێ). خوێنەر لە کاتێ خوێندنەوەدا خوێنەر وا لێ بکات هەستی بجوڵێ لەگەڵ ئەو خەیاڵە، کە بە هەموو هەیبەت و بەهێزییەوە کاریگەری لەسەر دروست بکات. لە لایەکی ترەوە نوێنەرایەتی هەموو وێنەکان دەکات بە هەموو جۆرەکانیەوە، ئەم وێنانەی کە بە هۆی خەیاڵەوە دروستی دەکات بە هۆی شێوازەکەیەوە سەرنجی خوێنەر یان گوێگەر بۆ خۆی ڕادەکێشێ کە دەبنە بەشێک لە ڕەگەزەکانی جوڵەی ژیان لەناو دەقەکەدا کەوا دەکات خوێنەر بیرۆکەکە قەبووڵ بکات.**

**چوارەم/ ڕەگەزی هونەری:**

**لەم ڕەگەزەدا جوانی نووسین لەڕووی گوزارشتەوە تەواو دەبێ بە مەبەستی گەیشتن بە شێوازێکی ڕێک کە تیایدا: هزر، واتاکان، خەیاڵ، هەستەکان، هەموو ئەمانە بە یەکەوە بدرەوشێتەوە.**

هەموو ئەم ڕەگەزانە بە شێوازێکی هونەری دادەڕێژرێتەوەو چ ڕوون یا ناڕوون بێ، لە لایەکی ترەوە کاریگەری بەهێزی دارشتنی دەق بەشێک دەبێ لە دارشتنی دەقەکە.

دوای ئەوەی ڕەگەزەکانی ئەدەبمان دیاری کرد (ئەدەب) دەبێتە دوو بەش کە ئەوانیش بریتین لە:

ئەدەبی ئینشائی: (دارشتن).

ئەویش ئەو جۆرەیە کە نووسەر لە خودی خۆیدا دروستی دەکات و گرنگی پێ دەدا، واتە بابەتێک دادەڕێژێ کە سەرەتا نووسەر خودی خۆی دروستی دەکات، بەڵام بە مەرجێک دەبێت بابەتەکەی لە سروشتەوە ئیلهامی لێ وەرگرتبێ جا هەرجۆرێکی بێ، مەرج ئەوەیە پێی کاریگەر بێت تا بتوانێ وێنای بکات، دواتر ئەو وشە و گوزارشتانەی لێوە دەرچێت لە ڕێگەی قسە و نووسین لە (هەست و شعوور ، فیکر و خودی نووسەر) بە شێوەیەکی بابەتی کەزیرەکانە پێشکەشی بکات.

دووەم/ ئەدەبی وەسفی:

ئەوەی ئەدەبی وەسفی بابەتێک لە ئەدەبی ئینشایی یا دارشتنی وەردەگرێت و بەوردی لێکۆڵینەوەی لێوە دەکات، لەژێر ڕۆشنایی و کاریگەرییەکانی (شوێن، ژینگە، کات، مێژوو)بە پێی پێوەری هونەری جیاواز بە ئامانجی ئەوەی وێنە شاراوەکان ڕوو بکاتەوە.

ئەدەبی وەسفی ئەگەرچی دوای ئەدەبی ئینشایی هات،بەڵام بەهایەکی بەخشی ئەدەب لە بوارەکانی وەکوو (مێژووی ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی).

مێژووی ئەدەبی/ ئامانجەکانی خۆی بەدی هێنا لە کۆکردنەوەی ئەدەبی کۆنی سەردەمە جیاوازەکان کە وای لێکرد لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا کۆی بکاتەوەو لە پەرتەوازەیی بپارێزێت، بیبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەوانەی کە دواتر دێن.

سەبارەت بەڕەخنەی ئەدەبی/ لایەنە شیکارییە ئەدەبییەکەی گرتە خۆی کە بریتی بووە لە لایەنی شیکاری، لێکۆڵینەوە، بنەماکانی پێوەری ئەدەبی، هەروەها دانانی

کۆمەڵە پێوەرێک بە هۆی تەرازوویەکی دروست کە بەهای ئەدەبی دیاری دەکرد لە چوارچێوەی دەقدا چ لە لایەنی شێوە، چی لە داهێنان یاخود ناوەڕۆک و ڕەنگدانەوەی ماناکانی و کۆمەڵکردنیان.

پێشتر فەیلەسوفە یۆنانییە کۆنەکان ئەدەبیان بەم شێوەیە دیاری کردووە لەوانەش (ئەڕستۆ) دەیوت:( شیعرنوێنەرایەتیە بە زمان بەڵام نیگارکێشان نوێنەرایەتییە لەوێنەدا). بەڵام زەمەنەکان گۆڕدران و تێڕوانینەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات، ڕوونکردنەوەی ئەرستۆ کە کراوە بۆ ڕۆمانسیزەکان ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە(شیعر بەکارهێنانێکی پێویستی زمانە، هونەری زمانە).

وەزیفەی ئەدەب:

دوای ئەو هەموو تێڕوانین و بۆچوونە جیاوازانەی کە سەبارەت بە ئەدەب باسکرا، دەکرێت ئەوە بڵێین کە ناکرێت ئەدەب بە تەنها لەچوارچێوەی وشەدا کورتبکرێتەوە، دوای ئەوەی شایەد دەبێ و دەبوو لەسەر ئەوە پێشکەوتنە گەورەیەی کە مرۆڤ لە گەشتە دور و درێژەکەی لە شارستانیەتدا بە دەستی هێناوە.

ئەدەب ئایدۆلۆژیا و هوونەرە، بۆیە بێهوودەییە ئەگەر بە دوای جەوهەری شتەکەدا بگەڕێیی کە ئەدەبە، ئەمەش ئەو تێڕوانینە بوو کە رۆمانسیزمەکان بڕوایان پێی هەبوو، لەلایەکی ترەوە ئەدەب جگە لە ئایدۆلۆژیا و هوونەر شتێکی ترە کە ئەدەب لەرێگەیەوە نزیک دەبێتەوە کە نە مۆسیقا و نە سەمایە، بەڵکوو گوتاری سیاسی یان مێژوویی یا فەلسەفییە، کە پێویستی بە تێگەشتن و هەست و وێنا کردنە.

ئەدەب تاکە هوونەرە کە لەرێگەیەوە گوزارشت لە راستی، راستی ژییان و بارودۆخ و قۆناغە جیاوازەکان دەکات بە بێ هیچ نێوەندگیرییەک، چوونکە جەوهەری ئەو شتە بەدەست دەهێنێت تاوەکوو ببێتە ئەو زمانەی کە تاکەکان یان کۆمەڵەکان

قسەی پێدەکەن، بە زمانێک قسە دەکەن کە لێی تێبگە هەرچەندە پێوستییان بە تەئویل و تەفسیر و شیکاری هەبێت.

بەڵام وەزیفەی ئەدەب هەمەجۆرە، لە هەموویان نزیکتر ئەوەیانە کە واتاکانی سەرنجڕاکێشانی تێدایە بۆژیان/ ژیانی خەڵک و نووسەر. لێرەوە ئەوە دووپات دەبێتەوە کە ئەدەب ( ژیانە، مرۆڤە، نووسەرە). لەلایەکی ترەوە وەسیلەیەکی شیکارییە بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ئەم گەردوونە کە مرۆڤەکان تێیدا بیر لە داهاتوو و چاکە و خراپەی خۆیان دەکەنەوە. لێرەوە وێنەی خەیاڵات درووست دەبێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانییان، چوونکە مرۆڤەکانن کە تێک دەدەن، بوونیاد دەنێن و راستی و ناڕاستی دەبینن، دەجەنگن و دەژین بۆ بونیادنانی ئاشتی و خۆشەویستی رق لێبوونەوە لەشەڕ و کوشتار.

ئەدەب بە پێی زەمەنەکان ئاڵوگۆڕ تێیدا روویداوە، درێغی ناکات لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی کە ئاڵوگۆڕی پێکراوە لە سیفەتی گوازراوە بۆ توانای وێنە بە رێگای هوونەری شیکاری لە چوارچێوەی بەشداریکردنی مێژوویی لە پێشکەوتنی سیستەمیدا بۆ بەرزترین ستایل کە هاوتەریبە لەگەڵ بەها هاوبەشەکانی ژیان.

بەم شێوەیە ئەدەب دەبێتە قۆناغێک و بەردەوام بوونێک کە لەهەر پەرتوکێکدا پێشکەشی دەکات کە پەرتوکەکە جگە لە ڕەشنووسێک چیتر نەبووە.

وەزیفەی ئەدەب ئەگەر هاتوو ڕێڕەوی ڕاستەقینەی دۆگماتیسمی خۆی بە ڕەهایی گرتەبەر بەڵام لە هەما کاتدا زۆر جاریش پێویستی بە شیکردنەوە هەیە. بۆیە ئەم وەزیفەیە چیتر لەسەر بنەمای کاراکتەری بانگەشەی خۆی نییە، چوونکە ئامۆژگاری نییە، بەڵکوو لە ژیاندا بەرەو مۆدێرنێتە و رۆشنگەری هەنگاوی ناوەو ئەرکەکەی خۆی وەرگرتووە بەروە ئاراستەی بەرهەمهێنان لە کارەکانی رێبازە ئەدەبییەکاندا وەکوو پردێک بەکار هاتووە بۆ گەیشتن بە بیری بەراوردی لەسەر بنەمای واقعیەتێکی کۆمەڵایەتی کە ڕاستی و درووستی بەرجستە کردووە.

وەزیفەی ئەدەب دەبێتە وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی دوای مێژووەکەی، وەک چۆن مارکسیەکان دەیان ویست، تا لە دەرئەنجامدا لە ئایدۆلۆژیای تاکەکەسی و ڕێژەگەراییەوە دربهێندرێت، چوونکە پەیوەندی بەبەهای موتڵەقەوە هەیە. لێرەدا وەزیفەی ئەدەب دەبێتە بەهای رەوشتی و هاوسەنگ کردن، تاوەکو پابەندی جوانکاری بکات.

لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێت، ئەویش ئەوەیە ئایا ئەدەبی کوردی هەمان وەزیفەی هەیە ین نا؟

ئەدەبی کوردی بەرپرسە لە ئەرکەکەی، چونکە پابەندی هەیە بەرامبەر بە کۆمەڵگەکەی. ئەدەبیاتی کوردی ئەرکێکی گرنگی هەبووە لە بواری هۆشیاری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەهایەکی ڕەهای هەبوو، ئەمە وایکردوە فرە ئایدۆلۆژیا، بەهای ڕەوشتی هەبێت تاوەکوو هاوسەنگی بپارێزێت و هاوسەنگی دەپاراست. جوانکاری بوونی هەبوو لەناو ئەدەبەکەدا، ئەم شتانە وایکرد بەرەو مۆدێرنێتە رۆشنگەری هەنگاو بنێت و ئەرکەکەی خۆی جێبەجێ بکات لە بوارە جیاوازەکاندا.

بە پێێ ئەو تیۆرانەی کە بۆ ناساندنی ئەدەب خرایە بەر باس ئەوا دەکرێت بڵێین ئەدەبیات بە جۆرێک نووسراوەتەوە کە گووتارێکی ناهاوسەنگ و رێک و پێک نییە.

ئەدەبیات زمانی ئاسایی دەگۆڕێت، هێز دەبەخشێت، بە شێوەی سیستماتیک زمانی ئاسایی لە قسەکردنی رۆژانەدا لادان دروست دەکات.، بۆ نموونە لە ناو پاس بیت و رووبەڕووی هەرکەسێک بوەستیتەوە وبڵێی: ( ئەی بووکی ئارام پاکیزە، بێدەنگ) ئەوکات ڕاستەوخۆ هەست بەبوونی ئەدەبیات دەکەی، ئەمەش بە هۆی هەستکردنە بە ئاواز، کێش و سەروا، داڕشتنی وشەکان، کەواتە جیاوازی دەگرێتە خۆی بە پێی ئاشکردنی هوونەری زمان ناسان لە نێوان دال و مەدلول، دەلالەتی ڕاستەوخۆ بوونی نییە، بەڵکوو شێوازی تاکەکەسە کە سەرنجی ئەوی بەرامبەر بۆ خۆی ڕادەکێشێت بە هۆی دەربڕینی شێوازی ئەو ڕستانەی کە دەری دەبڕێت.

**ئەدەبی بوون:**

**پێناسەی ئەدەبی بوون (فۆرمالیستە رووسەکان) هێنایانە ئاراوە و پێشنیازییان کرد کە نووسەرەکانیش ئەمانە بوون( ڤیکتور شکلوسفکی، رۆمان یاکوبسن، ئوسیپ بریک، یوی تینانوف بوریس ئیچی باوم و بوریس توماشفسکی).**

**فۆرمالیستەکان لە ساڵی ١٩١٧ دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩٧٩ زاینی بەلشەوییەکان(شیوعیەت) هاتنە ئاراوە. لەساڵی ١٩٢٠ گەیشتنە ئەوپەڕی ئەوجی خۆیان، بەڵام دواتر(ستالین) ڕای وەستاندنن.**

**فۆرمالیستەکان دژی جەدەلیەت بوون، بنەماکانی سیمبۆلیسیم کە پێش ئەوان لە برەودابوون رەت کردەوە. بە ڕۆحیەتێکی پراکتیکی و زانستی ئاراستەی خۆیان لە چوارچێوەی ئەدەبدا بە واقعیەتی ماددی خۆیان پەیوەست کرد.**

**رەخنە دەبێت هونەر لەڕاز و رەمز جیا بکاتەوە، راستەقینەی بەرهەمی ئەدەبی بکاتە بنەمای لێکۆڵینەوەکانی، لە دیدگای ئەوانەوە ئەدەبیات سیستەمێکی تایبەتیە لە زمان نەوەک شتێکی هاوشێووەی مەزهەب یان دەروون ناسی یا کۆمەڵناسی، سیستەمێکە کە یاساو بنەما و ئامرازی تایبەت بەخۆی هەبوو کە دەبوو لێکۆڵینەوە لەو شتانە بکات کە خۆیان بڕوایان پێی هەیە، نەوەک بێین ئامرازەکانیان بە شتی ترەوە کەم ڕەنگ بکەنەوە.**

**بەرهەی ئەدەبی وەسیلەیەک نەبوو بۆ ئاشکراکردنی بڕواکان، یان رەنگدانەوەی واقعیەتی کۆمەڵایەتی یان بەخشینی راستی بە راستییەکان نییە، بەڵکوو واقعیەتێکی ماددی بوو کە کارکردن لەبەرهەمی ئەدەبی وەک کارکردنە لە ئۆتۆمبێل کە شایانی پارچەپارچەکردن و شیکردنەوەیە.**

**بەرهەمی ئەدەبی لە وشە دروستبووە نەوەک ئامانج و هەستەکان، بۆیە هەڵەیە ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی بە بەشێک لە دزەکردنی هزری نووسەر ئەژمار بکرێت،**

واتە ئەگەر بۆ نموونە بەختیار عەلی یا شێرزاد حەسەن نەبوونایە رۆمانەکانییان دەنووسرا.

بنەمای کارکردنی فۆرمالیستەکان بەکارهێنانی زمان بوو لە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە ئەدەبییەکاندا، بەو بەڵگەیەی ئەو زمانەوانیەی قسەی لەسەر دەکرا جۆرێک بوو لە لە زمانەوانی فەرمی، زۆر مامەڵەی لەگەڵ پێکهاتەی زمانەوانیدا دابوو نەک قسەی باو.

فۆرمالیستەکان پێیان باش بوو لە جیاتی شیکردنەوەی ناوەڕۆک کە لەوانەبوو بابەتەکانی وەکوو(دەروونزانی، کۆمەڵناسی) بخرێتە ناو لێکۆڵینەوە، پەنا ببەنە بەر شیکردنەوەی فۆرمی ئەدەبی، چوونکە پێیان وابوو ناوەڕۆک ڕەنگدانەوەی فۆرمە(شێوە)، بۆیە پەیوەندی نێوان شێووە و ناوەڕۆکییان راگرت، چوونکە ناوەڕۆک بە تەنها مۆتیفەیشنی شێوە فرسەتێکە لە جۆرێکی دیاریکراو بۆ ڕاهێنانی(فۆرم) شێوە.

بە لای ئەمانەوە(دۆن کیشۆت) رۆمانێکە بەو ناوەوە نییە، بەڵکوو ئەم کەسایەتییە ڕاستەوخۆ وەسیلەیەکە بۆ کۆکردنەوەی جۆری هونەری (رۆمان) لە دیدگای فۆرمالیستەکانەوە. لە لایەکی ترەوە (قەڵای ئاژەڵان– مەزرەعەی ئاژەڵان) نابێت وەک نواندنێک بۆ ستالیزم تەماشا بکرێت، بەڵکوو ئەوە ستالیزم بوو بارودۆخێکی هێنابووە ئاراوە کە ئە نواندنە فەراهەم بکات لە ناو چیرۆکەکدا.

ئەم جیاوازییە ئەدەبییە بوو وایکرد ناویان بندرێت(فۆرمالیست)، هەرچەندە نکوڵییان نەکرد لەوەی کە هوونەر لەگەڵ واقعیەتی کۆمەڵایەتی پەیوەندی هەیە. فۆرمالیستەکان هەندێکیان کەم تا زۆر پەیوەندییان لەگەڵ بەلشەوییەکان هەبوو( شیوعی).

فۆرمالیستەکان سەرەتای بەرهەمی ئەدەبییان کەم تا زۆر وەک ئامادەکارییەک دادەنا، کە ئەم ئامادەکارییە وەکوو یەکەیەکی هاوپەیوەستە لە ناو سیستەمی دەقدا. ئەم ئامادەکارییانەش گوزارشت بون لە( وێنەی خەیاڵ، ئاواز، رستەسازی،

کێش و قافییە هونەری چیرۆک و رۆمان نووسین لەناو هەر رەگەزێکی ئەدەبی)، بەشی هاوبەشی هەموو ئەم ڕەگەزانەش(بێگانەبوونە).

ئەوەی کەزمانی ئەدەبی لە هەموو وێنە زمانیەکانی تر جیا دەکردەوە زمانی ئاساییە بە شێوازی جۆراو جۆر، واتە شێوەی زمانی ئاسایی دەگۆڕی. زمانی ئاسایی لەژێر فشاری ئامادەکارییەکانی (بەهێزکردن، چڕکردنەوە، گۆڕین، کورتە) پێچەوانە و ئاوەژوو دەبۆیەوە. بۆیە زمان بێگانە دەبوو لەو دونیا ئاشنایەی تێیدابوو، ئەمە وایکرد کە لەقسە کردنی رۆژانەی ئێمەدا وەرگرتنەکانی ئێمە لە دوونیای واقعی و وەڵامدانەوەی قسەی رۆژانە بێزار و بێگیان دەبوو، یا بە قەولی فۆرمالیستەکان زمان دەبووە لە خۆوەیی.

قسەی ئەدەبی زمای ئاسایی نامۆ یا ئاشنا دەکات، بەڵام سەرنج ڕاکێشانی زمانی ئەدەبی بەرەو ئاگایی کامڵتر دەمان بات.

تێگەیشتن لە دەق پەیوەستە بە تێگەیشتنی خوێنەر لە بابەتەکە، زۆرجار ڕۆمانێک یان چیرۆکێک دەخوێنینەوە بەبێ ئەوەی لێی تێبگەین یا لە بوونیادی چیرۆکەکە ئاگاداربین، بەڵام ئەگەر چیرۆکەکە لە شوێنێک پچڕاو ڕاوەستا چووە قۆناغێکی ترەوە ئەوکات ئێمەی خوێنەر لە شوێنێکدا ڕادگرێت و بە هە ڵواسراوی دەمان هێڵێتەوە، ناتوانین بەرەو پێش یا بەرەو دواوە بڕۆین، ئەمەش سەرنجی ئێمە بۆ خۆی ڕادەکێشێت تا زانیاری تازە و ئاگایی نوێمان پێ ببەخشێت کە چۆن گێڕانەوەکە بوونیاد نراوە.

فۆرمالیستەکان لە ناو ململانێیەکانی خۆیاندا هەردوو زاراوەی (هەڵپساردن+دواخستن) بەکار دە هێنن، تاوەکوو ببێتە هۆی زیاتری سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر بۆ گێڕانەوەکە. ئەم درووستکردنانە لەناو زمانی ئەدەبیدا نهێنیەک ئاشکرا دەکات.

بە تێڕوانینی فۆرمالیستەکان زمان بریتییە لە لادان لە پێوەرەکان، هەروەا جۆرێکە لە توند و تیژی زمانی. زمان بۆ ئەدەب تایبەتە، پێچەوانەی زمانی رۆژانەیە،

چوونکە ڕۆژانە بەکار دێت. بیرۆکەیەک هەیە، کە پێوەرێک لە بەکار هێنانی زمانی رۆژانەدا هەیە کە هەموویان قسەی پێدەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا بەو جۆرە نییە، چوونکە شێوازی زمانی قسەکردنی چینێک لەگەڵ چینێکی تر جیاوازە یاخود وتاری زمانی قسەکردنی بابەتی سیاسی لەگەڵ دەروونزانی یاخود بابەتی خێزانی ئەویشیان هەم جیاوازە، بۆیە بە ناکرێ بە هیچ پێوەرێک لای هیچ گرووپێکی زمانی هاوتابێت لەوانەیە پێوەری کەسێک لادان بێ، بۆ نموونە وشەی کوچە لە بەرامبەر وشەی کۆڵان دەکرێ شاعیرانە بێ بەڵام دەکرێ لە شوێنێکی تر وشەیەکی ئاسایی بێ، یاخوود وشەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەکرێت شاعیرانە بێت یان لادان بێت، یان قسەکانی ئەو سەردەمە یا شیعری کلاسیکی بە هۆی بەکار نەهێنانیان دەکرێت شیعر بێت، بەڵام لە بەرامبەردا ئەگەر تێکستێکی کۆنمان هێنا کە هی شارستانیەتە لەناو چووەکان بوو ئەوا ناتوانین دیاری بکەین کە شیعرە یاخوود نا. ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەموو لادانێک ئەدەبی نییە، یا هەموو لادانێکی زمانی لە ناو شیعردا ئەدەبی بێت.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە فۆرمالیستەکان بێ ئاگابوونە لەوشتانە، درکییان بەوە کردبوو کە پێوەرەکان و لادانەکان لە سیاقی مێژووییدا دەگۆڕێت، بۆیە لێرەدا شیعر لەو چوارچێوە زەمەنییەدا دەوەستیت کە خۆی تێدا دەبینییەوە، بۆیە ئەوەی کە دەڵێت زمان نامۆ یا غەریبە ئەوە ناگرێتەوە کە لەهەموو کات و ساتێکدا هەمان شت بێت، بۆیە دەکرێت بگۆڕدرێت و ببێ بە ئەدەبیات.

بۆ نموونە ئەگەر خەڵک گوزارشتی( بووکی ئارام و پاکیزە، بێدەنگ) لە قسەی ڕۆژانە و ئاسایی بەکار بهێنێت ئەوا شیعریەتی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە قسەی ئاسایی.

فۆرمالیستەکان مەبەستییان لەئەدەبی بوون بەکارهێنانەکانی زمانی تایبەتی بوو، نەوەک تەنها لەناو دەقە ئەدەبیەکاندا بەڵکوو لەناو زۆربەی بابەتەکانی دەرەوەی دەقدا دەخرایە روو.

هەرکەس بڕوای وابێت کە ئەدەب دەکرێت پێناسە بکرێت بەم بەکارهێنانە تایبەتییەی زمان، ئەوا دەبێت ڕووبەڕووی ئەو واقیعە ببێتەوە تا بەکارهێنانی وشەی مەجاز لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێت، وەک ئەوەی لای نالی زیاتر بێت تا پیرەمێرد. بابەتی ئەدەبی بوون بە پێی تێڕوانینی کەسەکان لە سەردەمێکدا درووست دەبێت، بۆیە کێشەیەک لە ڕێگەی پێناسەکردنی ئەدەبدا بوونی هەیە. ڕێگاکانی گفتوگۆی ئەدەبی بە پێی سەردەمەکان جیاوازە، زۆربەی ئەو شتانەی وەکوو ئەدەب پلە بەند دەکرێت نرخی ڕاستەقینە و پەیوەندی زانستی بڕواپێکراو بۆ بەرهەمەکە گرنگە.

دەکرێت رۆژگارێک بێت کەس لەبەرهەمەکانی شکسپیر، یا مەلای جزیری، خانی، یان نالی و ... تێ نەگات، دەکرێت بەر هەمەکانییان بە تەواوەتی بێگانەبێت بە خوێنەران، و پڕبێ لە هەست و ئەندێشە کە بۆ کۆمەڵگەی داهاتوو دیاریکراو بێت و پەیوەندیی پێیانەوە نەبێت، وەک نووسینەکان سەر قوڕ و بەرد کە ئێستا لێێ تێناگەین. هەرچەندە هەندێک ئەم تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەیان پێ بیرۆکەیەکی دواکەوتووە ، پێیان وایە جگە لەخەیاڵی مرۆڤانە هیچیتر نییە.

بۆیە هەموو کات(کارل مارکس) ئەوەی دەووت: بۆچی هوونەری یۆنانی سەرباری ئەو مێژووە دوورو درێژەی کە هەیەتی تا ئێستا تایبەتمەندی و جوانی و سیحری خۆی لەدەست نەداوە و وەکوو خۆی ماوەتەوە و پاراستوویەتی. جگە لەم وێنانە شوێنەوار ناسان زانیاری زیاتریان ئاشکرا کرد سەبارەت بەوەی کە تراژیدیای یۆنانی ئەوەی پێشکەش دەکرد کە پەیوەست بووە بە جەماوەرەکەیەوە.بۆیە ئەم گرنگی پێدانەی ئەو سەردەمە زۆر دوور بووە لە گرنگی پێدانی ئێمە بۆ شانۆ...

کارل مارکس دووبارە شانۆگەرییەکانی خوێندەوە لە ژێر رۆشنایی ئەو مەعریفەیەی کە هەیە، دەکرێت یەکێک لە پەیامەکانی ئێمە ئەوە بێت کە ئەو شانۆگەرییانە چیتر ناتوانین چێژی لێ ببینین. ئەمە ئەوە دەردەخات کە پێشتر چێژ بینیمان بەهۆی ئەوەوە بوو کە هیچ زانیاریەکمان لەسەری نەبووە، ئەگەر

ئەم تێڕوانین و توانایەی کە هەیە بە یەکجار بڕوات و نەمێنێ، ئەوکات شانۆگەرییەکان هیچ گرنگییەکیان نابێت. بۆیە ئەم واقعییەتە ئەوە دەردەخات تێڕوانینی ئێمە بۆ ئەدەب جیاوازە لەتێروانینی پێشینەکان یاخوود تێڕوانی کەسێک کە زانیاری زیاترە و رۆچۆتە ناو بابەتەکانەوە.

ئەگەر ئەدەب وەکوو بابەتێکی وەسفکراو یاخوود گێڕانەوەیەکی بابەتی نەبینین ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەدەب لەوەدا کورت دەبێتەوە کە مرۆڤەکان هەرچی ویستییان ناوی لێبنێن ئەدەب.

ئەم تێڕوانینانە هەرەمەکیانە نییە، بەڵکوو رێشەیەکی قووڵی هەیە، بە چەندین بنەماوە پەیوەست کراوە، و بڕیاری لێ دەدات کە چ بەرهەمێک ئەدەبە یان ئەدەب نییە.

ناوەڕۆک و شێوە:

ناوەڕۆک و شێوە لە کۆنەوە دووچەمکی بیرکردنەوەی فەلسەفی بوون نەک هەر لە بەرهەمە هونەرییەکاندا بەڵکوو لە دیاردەکانی تری ژیانیشدا دوو لایەنی بنەڕەتی لێکدانەوە بوون، بە مانا گشتییەکەی ئەمە لە چالاکی و بنیاداندایە. فەلسەفەی دیالێکتیکی جەختی لەسەرئەوە دەکاتەوە کە ناوەرۆکی دیاردەکانی ژیان هەمیشە پابەندی شێوەکەیەتی، فۆرمەکەشی لە ناوەڕۆکەکە دانەبڕاوە. هیگڵ(١٧٧٠– ١٨٣١) زۆر بە چاکی دەربارەی یەکێتی ناوەڕۆک و فۆرم لە هونەردا دواوە دەڵێ: ((بەرهەمی هونەری ئەگەر فۆرمی گونجاوی خۆی نەبێ ئەوە بونی نییە)).

بەرهەمێکی هونەری هەر لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکێکی باش تەنانەت زۆر نایابیشی هەبێت نابێ پێی بڵێین ڕاستەقینە و ڕەسەن، ئەمە بۆ هونەرمەند پاساودانێکی

**خراپە تەنیا ئەو بەرهەمە هونەرییەی کە ناوەڕۆک و شێوەکەی هاوتاو گونجاون ئەوە بەرهەمی هونەری ڕاستەقینەیە.**

**ناوەڕۆک و شێوەی بەرهەمی ئەدەبی ، یەکێتی دوو دژن نارۆکی بەرهەمەکە لایەنی ژیانی گیانی و چالاکی خەڵک دەگرێتەوە، بەڵام شێوەی بەرهەمەکە دیاردەیەکی ماددییە. ئەمەیان ڕاستەوخۆ وشە ڕۆنانی بەرهەمەکەیە، زمانی هونەرییە کە بە هۆی دەنگەوە دەردەبڕێ، شەپۆڵی دەنگ لە کاتدا و دەبیسترێ بە هۆی نووسینەوەی یاچاپکردنیەوە دەبێتە دەقێکی نووسراو.**

**دۆزینەوەی فۆرمێکی گونجاو بۆ ناوەڕۆکی بەرهەمێکی هونەری، پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆز و درێژخایەنە و هونەرمەند لە ئەزموونێکی ئاڵۆز و چڕدا دوای ئەوەی کارامەیی و وەستایەتی پەیدا دەکا دەتوانی شێوەی گونجاو بۆ ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی بدۆزێتەوە.**

**ئەو ڕەگەز و لایەنانەی بەرهەمی ئەدەبی کە بە لای فۆرمدا دەشکێتەوە( زمانی هونەری، ژانر، کێش و سەروا..ن، ناوەڕۆکیش (بابەت، کەسایەتی، هەڵومەرج، ڕێبازەکان..) دەگرێتەوە.**

**تەنانەت بەلای ئەوانەشەوە کە لە ڕوانگەی ماتریالیستییەوە سەیری ئەم دوو زاراوەیە دەکەن و هەمیشە لە فەلسەفەدا پێیان وایە ناوڕۆک پێش فۆرم دێ، بەڵام کاتێ باسەکە پەیوەندی بە ئەدەبەوە هەبێت زۆر بە پارێزەوە تێی دەڕوانن و پێیان وایە مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەمێکی ئەدەبیدا کە ئەزموونێکی تاکە کەس و دووبارە نەبووەوەیە، تایبەتمەندییەکی دەگمەنی هەیە نابێ هەمان مامەڵەی فەلسفەی لەگەڵدا بکەین واتا ناوەڕۆک پێش شێوە بخەین.**

**لەیەک جیاکردنەوەی چەمکی ناوەڕۆک فۆرم بە تایبەتی لە سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا ڕوویدا، لە پێش هەمووشیانەوە لە زانستی ئێستێتیکی ئەڵمانیدا بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا لای هیگڵ دیارە، هەر ئەمیش جەختێکی زۆری لەسەر چەمکی ناوەڕۆک دەکرد ئەمەش هەنگاوێکی**

**گەورەبوو بۆ بەرەو پێشەوەچوون لە توێژینەوەی سروشتی ئەدەبدا ، هەرچەندە مەترسی ئەوەشی لێ دەکرا کە ببێتە هۆی لێک دابڕانی ناوەڕۆک وشێوە. لە ئەدەبی سەدەی نۆزدەیەمدا زیاتر بایەخ بەناوەڕۆک دەدرا، هەر وەک ئەوەی بەرپەرچدانەوەیەک بێ، لە سەدەی بیستەمدا، زیاتر جەخت لەسەر شێوە و توێژینەوەی ئەدەب لەم گۆشە نیگایەوە دەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین ئەو دوو چەمکە بە جیا لەیەک لە توێژینەوەی ئەدەبیدا بە کار بهێنین، پارسنگ لارکردنەوە بە لای هەر یەکێکیاندا لەسەر مافی ئەوەی تر توێژینەوەیەکی یەکلایەنە و ناتەواو دەدا بە دەستەوە.**

**ئەگەر بایەخی سەرەکی بە ناوەڕۆک بدرێ ئەوە دەبێتە ئەوەی هەندێ باس و بابەت و لایەنی هونەری لە دەست بدا، ئەگەر هەر لە شێوەش بکۆڵینەوە ئەوە زیاتر دەبێتە توێژینەوەی زمان و کەلێنێکی گەورە دەکەوێتە توێژینەوەکەوە، دەبێت هەردوو لایەنەکە: ناوەڕۆک و شێوە، وەک گشتێکی لێک دانەبڕاو وەربگرین و لێیان بکۆڵینەوە.**

***ئایا شێوەی شیعری چییە؟***

**لە نێوان ئەدەبی کلاسیک و (هاوچەرخ) پەیوەندی بیر و زمان بە تایبەتی لە شیعردا بە دوو ڕەوتی پێچەوانەی یەکدیدا دەڕۆن، لە هونەری کلاسیک دا بیرێکی ئامادە هەیە وێنەیەکی ئامادەش هەیە، کە بیرەکە خۆی تێیدا دەردەبڕێت یان تەرجومە دەکات. بیری کلاسیکی بێ قاڵبی شێعری کلاسیکیش ناژی و پێداوستێەکی ئەو ئامێرە شیعرییە.، بەڵام لە هونەری هاوچەرخدا بە پێچەوانەوە پەیوەندی ڕواڵەتی وشە و ئاوێتەبوونی دەرئەنجامێکی وای دەبێ کە وردە وردە چرپەکی شیعری بیر یان هەست و نەستی لێ دەکەوێتەوە کە بەبێ خودی وشەکان کارێکی نەشیاو و نەگونجاو بن. هەر وشەیەک بۆ خۆی هەڵگر و دەربڕوو بە دیهێنەری کەشوهەوایەکی ڕۆحی وایە کە بە هۆیەوە بیر خۆی بۆ لە دایک بوون ئامادە دەکات**

و هێدی هێدی لە ڕێگای یاری لە خۆوەیی وشەکانەوە دێتە ناوو لەم فەزای ئاخاوتنە سەرکەوتووەدا ناوەڕۆک وەک میوەیەکی گەییو شۆڕ دەبێتەوە.

لە زمانی کلاسیکیدا پەیوەندییەکە ڕابەری وشەکان دەکات و یەکسەر و هەمیشەش بۆ واتایەکی دیاریکراویان دەبات، بەڵام لە شیعری تازەدا ئەم پەیوەندییە بە بڵاو بوونەوە و فراوانبوونی وشەکان پێک دێت. وشە خۆی

خاڵێکی بنەڕەتی چسپاوە. شیعری کلاسیکی بایەخ بە یاسا و ڕێسای دامەزراندنی پەیوەندییەکە دەدات، بەڵام شێعری تازە دەیەوێ ئەو پەیوەندییە بپسێنێ و وشەکان بتەقێنێتەوە واتە وشەکان پەیوەندییەکە دەهێننەکایەوە نەک پەیوەندیەکە وشەکان بهێنێتە کایەوە و دروستی بکات.

لە هونەری شیعری هاوچەرخدا ناوەڕۆک وەک ڕەگەزێکی بنەڕەتی لە بابەتی ئێستیتیکدا تووشی دابڕان دەکرێ، بە دوو ڕێبازیش ئەم کارە کە ناشێ و ناکرێ ئەنجام دەدرێ لە هەمان کاتیشدا پێناسەیەکی دیاری نییە و بە چاکی ڕوون ناکرێتەوە. بەم شێوەیە پێناسەکان دەخرێتە ڕوو:

یەکەم: ناوەڕۆک بەشێکی شێوەیە، ئەمەش لە ڕاستیدا ئەوە دەگەیەنێ کە بەها مەعریفی و جوانی ناسییەکان لە هونەردا تەنیا مانایەکی ڕواڵەتیان هەیە.

دوو: ناوەڕۆک تەنیا بەشێکە لە کەرەستە.

لە کاری ئیستیتیکی هونەریدا ناتوانین شتێک جیا بکەینەوە و بڵێین ئەوە تەنیا ناوەڕۆکە هەروەها ڕەگەزێکیش نییە کە پێی بڵێن ئەمە بە تەنیا هەر شێوەی ڕووتە.

ناوەڕۆک و شێوە لێک جیان ناکرێنەوە و لە یەکدا دەتوێنەوە تەنیا لە کاری توێژینەوەی ئەدەبیدا دەکرێ بە مەبەستی ڕێکخستوون و لێکۆڵینەوە جیا بکرێنەوە. هەموو شتێک لە وشەدا کۆدەکرێتەوە وەک ئەوەی تەنیا وشە هەموو شتێک بێ، ڕاستە وشە بە تایبەتی بۆ هونەری شیعری زۆر گرنگ و بنەڕەتییە ، بەڵام نەک بەو شێوە قەبە کراوە کە گەیاندراوەتە سەرووی ئاستی واقیعەوە. ئەگەر مرۆڤ

**سەرجەم کلتوور– واتە مەعریفە و ئێتنیک و ئێستیتیک و ... پابەندی وشە بکات، ئەوا هیچی تر بایەخی نییە وشە نەبێ. ئەو کاتە هەموو کلتوور بێجگەلە دیاردەیەکی زمانی شتێکی تر نییە، چ زانا و چ شاعیرێک لە یەک ئاستدا کارو کردەوە یان دەبێتە خەریک بوون لەگەڵ ووشە.**

**ئەو کاتە دەبێت ئێمە (لۆجیک و ئێستیتیک و پۆیەتیک) هەموو بدەینە پاڵ زانستی زمان. ئەوە دەبێتە شێواندنی لۆجیک و تایبەتمەندی پۆیەتیک و ئێستێتیک و لە هەمان کاتیشدا دەبێتە شێواندنی تایبەتمەندی خودی زانستی زمان.**

***شێوە بنەڕەتیەکانی شیعر:***

**هەر لە کۆنەوە هەمیشە هەوڵی دابەشکردنی کاری ئەدەبی دراو و ویستراوە سیستێمێکی بۆ دابندرێت لێرەش هەر وەکوو لە زۆرێک لە مەیدانەکانی تردا ئەرەستۆی(٣٨٤–٣٢٢پ.ز.) سیستەم داهێنەر بناغەیەکی دامەزراندووە لە بەرهەمە چڕ و کورتەکەیدا (هونەری شیعردانان) لە هونەری دراما و ئیپیک دەدوێت.**

**جێگەی سەرسوڕمانە باسەکەشی زیاتر دەربارەی تراژیدیای یۆنانی و بەرهەمی شیعری هۆمیرۆسە. بۆچی (ئەڕستو) باسی لیرێکی وەک هونەرێکی تایبەت نەکردووە لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕۆژگارێکی زۆر پێش ئەودا لیریک بە زمانی یۆنانی گەشەی سەندبوو؟ ڕەنگە هۆکارەکەشی هەر ئەوە بێ کە (پۆیەتیکا) کە ڕەشنووسی زنجیرەیەکی وا نەبوو، یان کارێکی تەواو ئامادەکراو نەبوو بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوە. سەبارەت بە وشەی لیریک لە وشەی یۆنانی (لیریا)وە هاتووە، ئێپێک لە وشەی یۆنانی (ئیپۆس) هاتووە بە واتای (وشە، ئەوەی وتراوە، یان دەگێڕدێتەوە) دێت. هەروا وشەی دراماش هەر لە یۆنانییەوە لە وشەی(drao) وەیە بە واتای (پێشکەشکردن، هەڵدەسووڕێم، کار دەکەم) هاتووە. ئەم زاراوانە کام تا زۆر دیار و ڕوونن.**

**لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئایا لیریک پێش شێوەکانی تر دەکەوێت یان ئەوانەی تر پێش لیریک دەکەون؟ بە هەموو پێوانەیەک دەبێ لێرەی پێش شێوەکانی**

تر دەركەوتبێت. چونكە هونەر لە سەرەتادا بە شێوەیەكی ساكار دەربڕی هەست و نەستی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بووە هەروەک لە كاتی كار و بۆنەكانی تری ژیاندا مرۆڤ پێویستی بەوە بوو كە هەڵوێستی خۆی دید و بۆچوونی خۆی بەرانبەر سروشت و جوانی و ژیان و چارەنووسی خۆی دەربڕێ، بەڵام لەبەر ئەوەی كە باسی شیعر دەكەین لە كەلەپووری ئەورووپاییدا یەكسەر ناوی هۆمیرۆس و بەرهەمەكانی دێن، چونكە پارێزراون، بۆیە مێژوو نووسانی ئەدەب، سەدەی هەشتەم و حەوتەمی پێش زایین بۆ گەشەسەندنی ئێپێک و سەدەی شەشەمی پێش زایین بۆ لیریک و سەدی پێنجەمی پێش زاینیش بۆ دراما دیاری دەكەن.

شیعری لیریکی یاخود شیعری گۆرانی:

شیعری لیریکی بە جۆش و خرۆشەوە دەنووسرێت، شاعیر رووی قسەی لە خوێنەرە نەک جەماوەری فراوان.

شیعری لیریکی کەشوهەوایەکی پڕحەز و سۆزی تێدایە و هەست بە حزووری شاعیر دەکەی تێیدا. لە هیچ بابەتێکی تریشدا ئەوها هەست بە هێزی شیعر ناکرێت. (هانس ڕۆبن) لە کتێبی (سۆفییەتی شیعر) ١٩٣٥. لیریک بە کۆکەرەوەی کاتی ئێستا ناو دەبات. ئاشکرایە ئەم تایبەتمەندییە لە دەوری ئەو جۆرە شیعرە دەسووڕێتەوە کە زۆر جار بە (شا)لیریک لە قەڵەم دەدرێت. یەکەم نموونەی ڕاستەقینەی (ستایگەریش) ئەو شیعرە کلاسیکیەی (گۆتەیە) <<کە بە سەر لوتکەی هەموو چیاکانەوە ئارامییە>> کە بە نموونەی باڵای شیعری لیریکی دەژمێردرێ.

ئارامی هەموو لوتکەی چیاکان و

چڵەپۆپەی هەموو درەختەکانی گرتووەتەوە

بە ئاستەم هەست بە شنەی بایەک دەکەی

باڵندە بچکۆڵەکان لە دارستانەکەدا بێدەنگ بوون

**تۆزێک چاوەڕێ بە، زۆر نابات تۆش دەحەوێیتەوە.**

**هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا هەولی پێناسەکردن و تێگەیشتنی قووڵ بۆ شیعری لیریک دراوە، لێرەدا هەر لە سەرەتادا پەنا بۆ هەمان ڕای <ئەرەستو> دەبەین کە دەربارەیەک لیرەیک گووتویەتی ،کە دەڵێت: شاعیر لەگەڵ دەربڕینی هونەری خۆی دەمێنێتەوە هەرگیز ڕوخساری خۆی ناگۆڕێت. هەروەها لەم بارەیەوە <هێگڵیش> دەڵێت: ئەو واتە شاعیری لیریکی دەتوانێ بە ناخی خۆیدا ڕۆچێ و بە دوای ڕاچەنین و بەرهەم هێنانی ناوەڕۆکدا بگەڕێ، چەق لەسەر ناخی خۆی و ئەندێشەو دڵ و گیانی ببەستێ. لێرەدا مرۆڤ یاخود شاعیر لە ژیانی ناوەوەی خۆیدا خۆی دەبێتە بەرهەمەکە لە کاتێکدا شاعیری ئیپیک خزمەتی ناوەڕۆکێک دەکات کە پەیوەندی بە خۆیەوە نییە بەڵکوو بە پاڵەوانەکەوەیەتی. زۆر جاریش دەوترێ ئەو کەسەی تەعبیر لە خۆی دەکات واتە شاعیر بەو دەربرینەی خۆی دەبێتە پاڵەوانی لیریکی شیعرەکانی.**

**یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی لیریک ئەوەیە کە خوێنەر پەیوەندییەکی گیانی بە هێزی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شاعیردا پەیدا دەکا، کەئەمە لە ئیپیک و درامادا ناکرێت. لیریک یەکێکە لە شێوە هونەرییەکانی وشە یان وردتر بڵێین هونەری ئاخاوتنی مرۆڤ کە دەتوانێ تایبەتمەندی بە ئاگایی کۆمەڵ ئاراستەی ناخی خۆی بکات، یان ژیان و دەوروبەر کاریگەری یان لەسەری هەبێ و ببنە هەوێنی هەست و نەست و بیرکردنەوە و ڕامانی و لەوشەدا دەری ببڕێ . لیریک پێش هەموو شتێک بیرکردنەوە و ڕامانی شاعیرە**

**وەشە دەری دەبڕێ، کە دەربڕی ناخ و جیهانی ناوەوەیەتی. هەر لەم ڕووەوە<هیگڵ> جوان دەستنیشانی کردووە، دەڵێت: هەرچەندە شیعری لیریکی ڕەنگە بچێتە جوغزی هەڵومەرجێکی دیاری کراوەوە، کە لە سنووریدا زاتی لیریکی ڕێگەی پێ دراوە، ناوەڕۆکی دەوڵەمەند و جۆرا و جۆر بخاتە هەست و بیرەوە، لەگەڵ ئەمەشدا فۆرمی جیهانی ناخ و ناوی شاعیر هەمیشە جۆری بنەڕەتی ئەم**

شێوە شیعرەیە. لەبەر ئەمە تابلۆی فراوانی گەورەی بەرچاوی واقیع و دونیای دەرەوە ناگرێتە خۆی. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کەهەرچی شاعیر دەینووسێ بیدەیینە پاڵ ژیانی شەخسی خۆی.

ئەو بەرهەمە لیریکیانەی کە هەن، کوتومت فاکتەری ڕووداو ویستی دیاریکراوی ژیانی تەنیا شاعیر خۆی نین، بە کورتی یەکەی شاعیر لە مرۆڤ و ناخی دەدوێ وەک ڕوخسارێکی مرۆڤانەی جیهانگیر و گەردوونی کە دەربڕی ئەندێشەی هەموو تاکە کەسێکە.

زۆر جار لیریک لە ڕووی ناوەڕۆک و بابەتەوە بۆ زیاتر شارەزابوونی بۆ چەند جۆرێک دابەش دەکرێت بۆ نموونە:

لیریکی هەست و نەست: ئەوەیە کە زیاتر لایەنی هەست و سۆز و ئەندێشە زاڵە بە سەریدا.

لیرێکی بیر یاخود فکر: کە دەربارەی یەکێک لە گیرو گرفتەکانی وجوود (بوون) دەدوێت. دەشێت بابەتی گشتی وەک وڵات، مرۆڤایەتی، ڕۆژگار، ڕەوشت و ویژدان هونەر و هیتر بێت.

لیریکی وەسفی: وەک وەسفکردنی جوانی سروشت و مرۆڤ، زۆر بە چڕی و بە کورتی ئەم بابەتە لە لیریکدا ڕەنگ دەدەنەوە.

شاعیری لیریکی سەرکەوتوو وا باسی جوانی دەکات کە بەرهەمەکەی خۆی دەبێت بە جوانی،.. جوانیی زمان، جوانیی ئاواز و مۆسیقای شعرەکە، کە توانای ورژراندنی ناخ و ویژدانی مرۆڤیان هەیە. هەروەها لیریک و مۆسیقا بە زۆر شێوە یەکدەگرنەوە. دەتوانین پێناسەی مۆسیقا بەوە بکەین کە ئاوازێکی ڕێخکراوە. ئەم پێناسەیە زۆر جار نەک هەمیشە دەتوانین بۆ لیریکیش بکەین.

گەورەترین کاریگەریترین جیاوازی نێوان مۆسیقا و لیریک ئەوەیە کە دەنگی مۆسیقا لە زۆر جوغزی فراواندا مانایەکی بە یاسا و ڕێسا و چەسپاوی هەیە،

زمانی مۆسیقا بە وشە ڕوون ناکرێتەوە بەڵکوو لە ئاستێکی باڵادا بە هەست و سۆز و کەشوهەوایەک دێتە پێشەوە کە بە ڕیتم و میلۆدی دینامیکی بە جیاوازی و بەشبەشبوونی ئاواز بونیاد دەنرێ، لە لایەکی ترەوە زمانی لیریک زۆربەی کات لە وشە پێک دێت. لە زمانی ئاخاوتندا کە یاسا و ڕێسایەکی ڕێزمانی واتایی زۆر توندو تۆڵی ڕەچاوکراوی هەیە. بۆ نموونە وشەی (گوڵەباخ) لە فەرهەنگدا بە درێژی باس کراوە هەندێک سیفەتی لە وشەکەدا هەن وەک ئاماژەیەکی زمانی ناوێکە لە زمانەکانی تریشدا وێنەی هەیە، Ros rose مەبەست لێیان ئەو دیاردەیەیە کە وشەکە لە دونیای هەستدا ئاماژەی بۆ دەکات، کە سوورە یا زەردە یان سپییە، شێوازێکی تایبەتی هەیە کە خۆی بە تەنیا یان لە باخدا دەڕوێ.

ئێپکی (داستانە شیعر)

ئەرەستۆ باشترین نموونەی باو و سەرباشقەی ستایلی داستانە شیعری لە شیعرەکانی <هۆمیرۆسدا> بینیوە و دیاری کردووە، لێرەدا مەبەستمان لە ئامادەبوونی لیریکی واتا ستایلی لیریکی نییە، بەڵکوو لە نەمری کەلەپووری ڕابردووە، ئیلیادە و ئۆدێسا هەر وەک لە کۆندا گوێیان بۆ شل دەکرا ئێستا و هەتا هەتایە هەر دەخوێندرێنەوە. هەر وەک زۆر شتی تری ئێپیکی کۆن لە شیعرەکانی <هۆمیرۆسدا> بریسکەی کزی هەندێ ڕووداو بەدی دەکرێن بەڵام ئەو بریسکانەوەیە بە گوێرەی داب و نەریت و یاسا و ڕێسای ئەدەبی و هونەری ڕاستگێڕانەوە بە شێوەیەک داڕێژراونەتەوە تا ئەو ڕادەیەی کە ناناسرێنەوە. هەرگیز ئەم داستانە وەک ڕووداوێکی ڕاستەقینە لە قەڵەم نەدراوە هەروەها هەر <ئەرەستۆ>خۆی باسی ئەو کارە گەورەیەی هۆمیرۆس دەکا و چۆن شاعیرانی فێر کردووە کە بە چ شێوازێکی ڕاست ئاسا شتێک بگێڕنەوە کە ڕاستەقینە نییە. لە داستانە شیعرییە کۆنەکاندا مرۆڤ و ڕووداوەکان بە قەوارەیەکی قەبەکراو سەرو و هێزی سروشتییەوە نیشان دەدرێن هێزی پاڵەوانەکان و جۆری چەکەکان سەر و ڕادەی هۆش و ئەزموونی مرۆڤن.

**شیعری هۆمیرۆس هێدی هێدی و بە کاوەخۆ وەسفی ساتەکان دەکات و دیمەنەکان هەر یەکەیان لای خۆیەوە گەشە دەکات و شێوازی تایبەتی و جێگەی خۆیان لە چوارچێوەی گشتی داستانە شیعرییەکەدا وەردەگرن، هەر ئەم کارەشە <ستایگەر> لە پێناسە ڕەخنەییەکەیدا ڕوونی کردۆتەوە چەمکی ڕاستەقینەی بونیادی داستان (بریتییە لەوەی کە بەشە سەربەخۆکانی چ بچووک و چ گەورە بە شێوەیەکی ئاسایی دەخرێنە پاڵ یەک ئەم زیادکردنەش هەمیشە بەرەو پێشەوە دەڕوا و پەرە دەسێنێ)، ئێپێک لە واقیع و ژیاندا و لە ناکۆکی نێوان خەڵکدا لە دەوروبەر و کەشوهەوای جیا و لایەنی جیاوازدا لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و شەخسییەکاندا دەردەکەوێ و تایبەتمەندی جیاوازی هەیە دانەری ئێپێک جەخت لەسەر ناکۆکی ژیانی کەس و لایەنە کۆمەڵایەتییەکان دەکات بە هەموو وزە و توانای دەربڕینی هونەری خۆی دەیەوێ کەسایەتی جەوهەری ڕاستەقینەیان دەستنیشان بکات بە یارمەتی ئەو ململانێ و ناکۆکیەی هەیە دانەر دەتوانێ کەسایەتی و هەڵسوکەوتی پاڵەوانەکانی بنەخشێنێ، لێرەشدا ڕوانگەی فیکری دانەر تۆری کاریگەری لە چۆنیەتی مامەڵەکردندا لەگەڵ ئەم کێشانە و چارەسەرکردنیاندا هەیە ئێ پێک و دراما هەندێ شتی هاوبەشیان هەن و لە لیریک جیا دەبنەوە ئەمانە بەربڵاون و زیاتریان بەبەرەوە هەیە ڕووداویان تێدایە و کە بە کات و شوێندا بڵاو دەبێتەوە، لەم کەشوهەوایەدا کەسایەتی دەردەکەون و پەیوەندی و هەڵسوکەوت و ئەندێشەیان ڕەنگ دەدەنەوە. هەرچەندە ئێپێک و دراماش هەر بە خامەی دانەر دێنە ناو، بەڵام زۆر جار خوێنەر لای وایە کە ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن و ئەو کەسایەتییانی وێنەیان کێشراوە هیچ پەیوەندییەکیان بە ئارەزوو خواستی نووسەرەکەوە نییە لەبەر ئەمە دوور نییە گەلێ جار بە هەڵە بۆ چوونێکی وا لای خوێنەر دروست بێ کەوا بزانێ ئێپێک و دراما تەواو بابەتین، دەقی دراما وەک ئێپێک گێڕانەوە نییە بەڵکوو گفتوگۆ و قسەی پاڵەوانەکان و هەڵسوکەوتیانە کە لە کەش و هەوایەکی دیاریکراودا ڕوو دەدەن و بەرهەمەکە دەڕەخسێنن نووسەر هەر دەوری سازدانی بابەتەکەی هەیە.**

لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەدا لە زانستی جوانی ناسی ئەڵمانیدا لە کارەکانی شێلەر و گۆتە و بە تایبەتیش هیگڵدا ئەم شێوانەی ئەدەف باس کراوە، هەروەها ڕەخنەگری ناوداری ڕووسیش بیلینسکی لە١٨٤١ بە سوود وەرگرتن لە هێگڵ باسی دووچەمکی فەلسەفی کەسی و بابەتی کردووە بیلینسکی دەڵێت: شیعری ئێپێکی بۆ خۆی بەو پەیوەندییەوە کە هەیەتی بە شاعیر و خوێنەرەوە بابەتییە. لە ئێپێکدا هەست بەو دەورە ڕاستەخۆیی شاعیر ناکەین، جیهان بە شێوەیەکی گونجاو لە خۆیەوە گەشە دەسێنێت هەر وەک ئەوەی شاعیر چاودێری کەر و ڕاستگێڕەوەی هەندێ ڕووداو بێ کە لە خۆیانەوە ڕوو بدەن، هەر زۆر زوو ئەرەستۆ ئەمەی دەستنیشان کردووە دەڵێت: شاعیری ئێپیکی باسی ڕووداوێک دەکات وەک شتێک کە پەیوەندی بە خۆیەوە نەبێ هەمیشە ئیش لە ئێپێکدا لە نێوان کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان و نووسینەوەیاندا ماوەیەک هەیە. بە واتایەکی تر دارشتنەوەی ڕووداوێکی ڕابردووە لە بەرگێکی هونەریدا یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تری ئێپیک وەسفە، وەسفی سروشت و دەوروبەرە هەروەها وەسفی ڕواڵەتی دەرەوێ پاڵەوان و دەربڕی هەست و نەستی ناخێتی.

دراما

هەر ئەرەستۆش ناو تایبەتمەندی درامای دیاری کردووە بۆ پێناسەی جەوهەری دراما تراژیدیای پڕژیری وشەی< کاثارسیس>ی یۆنانی بەکارهێناوە کە بە شێوەی جیاواز لێک دەدرێتەوە و زیاتر مەبەستی ترس و پاکبوونەوەیە. دراما لایسای کردنەوەیە و وێنەی گیراوی مەبەستی جدی هەڵوێستێکە دوای کێشمانێکی دیاریکراو تەواو بووە.

بە زمانێکی شیرین، بە ڕەچاوکردنی کەسایەتییەکانی هەمە لایەنەی تراژیدیاکە لاساییکردنەوەکە دەگۆڕدرێن، بەڵام بە شێوەی گێڕانەوە پێشکەش ناکرێ، بەڵکوو

له ئاکامی هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکاندا کە هەستی ترس و هاوخەمی و پاکبوونەوەیان هەیە لە ئەنجامی ئەو دەورانەیاندا دێتە کایەوە.

خاڵی بزێوی ئەم پێناسەیە مەبەست لێی لاسایی کردنەوەیە لە درامادا، کە لە ڕێگەی مرۆڤە دەوربینەکانەوە ڕوودەدا، ئاشکرا هەر بە هۆی ئەوانیشەوە ئەنجام دەدرێن. هەر ئەم خاڵەشە پێش هەموو شتێک دراما لە ئێپێک جیا دەکاتەوە. ئەم پێناسەکردنە لە خۆیدا هەڵوێستێکی تەواو بووە بە لای زۆرەوە باس لە جیاوازییەکی تر دەکات. وەک یاسا ئێپێک بونیادێکی زیادبوون و کراوەیی بەرەوە هەیە، بەڵام هونەری دراما ئاستێکی بەرزی ئاڵۆزی و تێێک ڕژان و تەواو بوونی هەیە. <ستایگەر> ستایلی دراما لەژێر کلیلە وشەی گرژیدا دادەنێ و پێی وایە شیعری دراما لەم ڕووەوە پێچەوانەی ئێپێکە، چونکە ئەم بە لێکدانی بەشە جیاجیاکانی پێک دێت.

لە درامادا پێویستە پێشەکی هەموو بەرهەمەکە ڕوون بێ و شاعیرەکە بەشە هونەرییەکانی دیاری کردبێ و شتەکان ئامادە بن، نووسەرەکە خاڵێک دیاری دەکات و لەوێوە بۆ شتەکان بڵاو دەبنەوە، دواتر ئەوەش ڕەچاو دەکات کە چۆن هەموو شتەکان ئاراستەی ئەوخاڵە بن و ڕوەو ئەوە ببنەوە.

دراما چەند تایبەتمەندیەکی هەیە کە لە ڕێگای کەسایەتییەکان، بنەڕەتی دەقی درامەکە کە زەنجیرەی دیالۆگ و مۆنۆلۆگ دەگرێتەوە، هەروا کارەکتەری ناو دراماکان بە شێوەیەکی فراوان ناکرێتەوە، لەبەر ئەوە نوسەری دراما دەبێ سنوورێکی تۆکمە و چڕ و ماوەدار بۆ تێکستەکەی دابنێ، بە قەد ئەوەی هونەری دراما دەیەوێ.

تایبەتمەندێکی دراما هەیە کە لە چاو نووسەری چیرۆک و ڕۆماندا هێز و گوڕێکی تایبەت دەدا بە نووسەرەکەی، ئەویش ئەوەیە هەموو دیمەن و ساتێکی دراما توندوتۆڵ بەستراون بە یەکەوە و تێک دەڕژێن. ماوەی دراما نە کورت دەکرێتەوە نە درێژ دەکرێتەوە.

کاتی درامای ئەورووپایی لە سێ تا چوار سەعات زیاتر ناخەیانێت و دەبێ دەقێکی ئاوای بۆ ئامادە بکرێت کەسانی ناو دراماکە قسە و گفت و گۆیان بەبێ ئەوەی هیچ بێنێکی بکەوێ تەواو دەکەن. بە وتەی درامانووسی گەورەی ڕووسی <ستانسلاڤسکی> لە درامادا قسەی ئەکتەرەکان هێڵێکی چەسپاو پچڕ پچڕ نەبووە.

ئەگەر لە ئێپێکدا ڕووداوەکانی ڕابردوو بن، ئەوا دیالۆگ و مۆنۆلۆگی دراما هی کاتی ئێستان، لێرەدا ژیان خۆی قسە دەکا بینەر ڕاستەوخۆ دراماکە دەبینی و پێویستی بە کەسێکی تر نییە وەک ئەوە وایە ڕووداوە ڕاستەقینەکە لەبەر چاوی بن ڕوو بدات. شاعیری ناسراوی ئەڵمانی <شێلەر> دەڵێت: هەموو شێوەکانی ئێپێک ئێستا دەبنەوە بە ڕابردوو بەڵام دراما ڕابردوو دەکات بە ئێستا لە درامادا بیرێکی چڕ لە شێوەیەکی زۆر تۆکمە و دیاری کراودا دەردەبڕێ. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تری دراما ئەوەیە پاڵەوانەکان ڕووی دەمیان لە هۆڵێکی پڕ خەڵکە لەبەر ئەوە وەک دەڵێن ناتوانی ببیتە درامانووس ئەگەر خاوەنی زمانێکی بەهێزی ئەدەبی نەبیت.

هەروەها تایبەتمەندی دراما ئەوەیە کە بەهرە و لێهاتووی کەسەکان لە چۆنیەتی دەوربینین و هەڵسوڕانیان دا لەسەر شانۆ بە شێوەیەک کە کار لە بینەران بکات لە درامادا زۆر گرنگن. هەندێک جار هەیە ئەکتەرەکان زۆر لەوە زیاتر دەڕۆن کە دەرهێنەر بۆی داناون، واتە تێدەپەڕن لەو ئاستەی کە خۆیان هەیانە لە دەق لا دەدەن ئەمەش وا دەکات بە شێوەیەکی داهێنەرانە دەورەکانی خۆیان ببینن.

زۆر جار نووسەری دراما لە ڕێگەی پاڵەوانەکانیەوە دەیەوێ هەندێ لایەنی شاراوەی ژیان دەربخات و ڕوون بکاتەوە یان ژیری و هەندێ کێشەی دەروونی بخاتە ڕوو. مۆنۆلۆگی پاڵەوانەکان کە بە تەنیا لەسەر شانۆن و قسە دەکەن، دید و هۆشی بینەر لە ئاست کۆمەڵێ گرێکوێرەوە گرفتەکانی ژیاندا دەکاتەوە.

گرژی و ئاڵۆزی هەمیشە تایبەتمەندی هەموو جۆرەکانی درامان، بە تایبەتی تراژیدیا کە دەربڕی ململانێ و کارەساتە ناخۆشەکانە، یان لە کۆمیدیادا کە زیاتر

گیانێکی ڕەخنەگرانەی گاڵتە جارانەی هەیە، هەڵبەتە جۆری دراماکان جیاوازییان هەیە، هیگڵ باسی ئەوەی کردووە کە ململانێ و پێکدادان تایبەتمەندی بنەڕەتی هونەری درامان هەر ئەم خاڵەش زیاتر سەرنجی بینەر ڕادەکێشێ. هەر لەم ڕۆوە شێلەر دەڵێ پێداویستی مرۆڤ درامای هێنایە ناو بۆ ئەوەی کە خۆی لەحاڵەتی جۆش و خرۆشدا ببینێ.

دراما هەر لە سەردەمی کۆنی یۆنانەوە کراوە بە پێنج بەشەوە بێگومان بە شێوەی ڕاستەوخۆی یان ناڕاستەوخۆ ئامانجەی بەشەکان کراو و تا ماوەیەکی زۆریش ئەمە پەیڕەو دەکرا، بەڵام دواتر لە ئەدەبی ئەورووپاییدا کرا بە چوار یان سێ بەش هەرچەندە جار و بارە لادان لەم شێوازەش هەبووە. لە پیەسەکانی (شکسپیر) دواتر بەشبەشکران.

دیارە دیالۆگ و مۆنۆلۆگ دوو ڕەگەزی گرنگی درامان ئەگەر دیالۆگ لە ڕێگەی گفتوگۆی ئەکتەرەکانەوە هەندێ لایەنی دراما پێکبێنێ ئەوە مۆنۆلۆگیش تەواوی دەکا و دنیای ناوەوەی ناخی ئەکتەرەکانمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە. زمان دەورێکی کاریگەری هەیە لە خەملاندنی ئەم دوو ڕەگەزەدا، زمان دەبێ زیندوو بێ سەرنجی بینەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و دەربڕی ژیری و زوو هاتنە گۆش بێ. واتە زمان دەبێ بە ناسکبێژی و نەستەقی بینەر بوەرژێنێ هەروا هەندێ جار کۆرس بەکاردێت کە لایەنێکی بنیادی شانۆیە.

شیعری فێرکردن(Didaktos)

ئەم وشەیە یۆنانییە و واتای فێرکردن دەگەیەنێت. ئەم بەشەی ئەدەب بیری فەلسەفی، ئەخلاقی، ئایینی، و زانستی لە فۆرمێکی ئەدەبیدا کۆدەکاتەوە.

شیعری پەروەردەیی و فێرکردن، لە تیۆری ئەدەبی ڕۆژگارێکی دواتردا وەک بەشی چوارەمی بنەڕەتی شیعر دەستنیشان دەکرێت. خۆی ئەمە جۆرە مانایەکی لاوازی پێوە دیارە. دەبوایە لەمەو پێش لە باسی ئەدەبی داهێناندا ئەوە بخرایەتە ڕوو، کە ناشێ و سەختە هێڵێک لە نێوان ئەدەبی هەست و سۆز و ئەدەبی پراکتیدا بکێشین

و جیایان بکەینەوە. بێ بنەماش نییە، ئەگەر بڵێین شیعری فێرکاریش وەک هەر شیعرێکی تر زانیارییەکمان دەداتێ و هەڵگری جۆرێک لە هەڵوێستی ئەخڵاقییە، لەگەڵ ئەمەشدا شیعری فێرکاری لە ڕووی هونەری شیعرییەوە، لە هەموو حاڵێک تێکدا وەک ئەو سیانەی تر واتە<< لیریک ئێپێک دراما>>نییە. هەروەها ڕوانینێکی یەک لایەنەش دەبێت ئەگەر زاراوەی شیعری فێرکاری بە شێوەیەک بەکاربهێنین هەموو ئەوبەرهەمانە بگرێتەوە کە تێی بترنجێنی، سەرتاپای یاسا و ڕێساکانی هەڵگری خوو ڕەوشتی زانیاری بن. نموونەیەکی دێرینی ئەم جۆرە شیعرە، شیعری بەرهەمی ڕۆژەکان (٨٠٠.پ.ز)کە هی هیسۆدۆسی یۆنانییە، کە شیعرێکە بە گیانی ڕەوشت بەرزی و ئامۆژگاری ڕۆژانەوە بۆ هاوڵاتیانی نووسراوە، لەناو شاعیرە لاتینەکانیشدا <ڤێرگیلیۆس> بەرهەمێکی

لەم بابەتەی دانا کە دەربارەی پیشەی کشتوکاڵییە و کاردانەوەی ئەخلاقی تێدا کۆ کراوەتەوە. هەروەها < لۆکریتۆسیش> کە هاوڵاتییەکی لاتین بوو، شیعرێکی دەربارەی سروشتی شتەکان نووسیوە، کە بە شێوەیەکی ورد و ڕوون فەلسەفەی مادی شی کردۆتەوە و لێی دواوە، هەروەها لە دەوری دەورانی کۆنی وڵاتانی ئەسکەندەناڤیدا شیعری فێرکاری هەبووە، بۆ نموونە بەرهەمێکی <هاڤاماڵ> بە ناوی (وتەی هەرە بەرز) هەیە، کە باسی حیکمەتی بیرکردنەوە دەکات.ناودارترین شیعری سویدی سەردەمی ڕێنیسانسیش شیعرێکی (ستێرن هێڵم)ە، بە واتایەکی تر، لە سەردەمی کلاسیکیشدا شیعری فێرکاری هەبوە و کەم نییە. هونەرەکە لەگەڵ بەهای بەرزی شیعری ڕۆژگارەکەی دا باش ڕۆیشتووە. لە ئەدەبی فێرکاری کلاسیکی ئینگلیزیدا بەرهەمێکی (ئەلێکساندەر پۆپ) هەیە بەناوی (وتارێک دەربارەی مرۆڤ) کە تیایدا دانەر سەرنج و ڕوانگەی ژیانی ڕۆژگاری خۆی بە شیعری ئاسایی دەربڕیوە لەناو شاعیرە کلاسیکەکانیشدا (لیۆپۆلدیش) بە شێوەیەکی زۆر ساکار بۆچوونە ئەخلاقیەکانی خۆی لە شیعرێکدا بە ناوی (ئامۆژگاری ئایینی خوێن)ەوە دەربڕیوە. شێوەیەکی باو دیاری شیعری فێرکاری ئەو ڕازانەن کە پڕم لە پەند و ئامۆژگاری و بە زمانی باڵندە و گیان لەبەرانەوە دەنووسرێنەوە. ئەگەر سەرنج

بدەین ئەمیش وەک جۆرێکی تایبەتی شیعری فێرکاری پەیدا بووە و شێوازێکی دیاری کراوی وەرگرتووە، بۆ نموونە وەکوو (کلیلە و دمنە) کە لەسەر زمانی گیانداران نووسراوەتەوە.هەروەها لە ئەدەبی کوردیشدا بە تایبەتی ئەدەبیاتی گۆران شیعری فێرکاری زۆر بۆنی هەبووە وهەیە، بۆیە ئەگەر تەماشا بکەین لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا لە ئەدەبیاتی گۆران ئەو جۆرە شیعرە فیرکارییانە هەیە کە باسی پاک و خاوێنی دەکات کە باسی کشتوکۆڵ دەکات کە باسی فێربوونی زمانی عەرەبی وباسی ڕەوشت بەرزیمان بۆ دەکات.

## مەرگی نووسەر

نووسین هەوڵدانێکە لە لایەن نووسەرەوە بۆ گەڕان لە ڕیگەی زەمەنەوە سەبارەت بە قسەیەکی تر، جگە لوە قسەیەی کە پێشتر کردوویەتی. قسەی گەورە واتای گەورە دەگرێتە خۆی، (رۆلان بارت) ئەم حاڵەتە بە تاقیگەی وەسفی ناو دەبات و وەسفی دەکات.لەلایەکی ترەوە (بارت) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سنوورەی کە نووسەر بە خیانەتکار ناو ببات، ئەمە لە و ئەنجامی ئەو تێڕوانینەوە ئەوە دەڵیت: ئەگەر هاتوو نووسین چالاکییەک بێت کە دەڕژێتە ناو ئەو کردارە پراکتیکیەی کە نووسەر ئەنجامی دەدات و دەست بە داهێنانی بەرهەمێکی ئەدەبی دەکات، لە کاتێدا پێشکەوتنی کار بەردەوام دەبێ و بیرۆکەکانی دەقیش بەردەوام لە پیشکەوتندا دەبن. بەڵام نووسەر لە کاتی نووسیندا لە رابردوودا دەمێنێتەوە، وەک ئەوەی نووسین پێچەوانەی کات بێت.دەق لە ساتێکدا دەوەستێت، نووسەر هەوڵ دەدات لەسەر کاغەز تۆماری بکات، بیرەکانیش بەردەوام بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێن، ئەمەش ئەو پەیوەندییە شاراوەیە یە کە(بارت) لە نێوان نووسەر و زەمەندا ئاماژەی پێ کردووە. ئەم زەمەنە پێشکەوتوو خوازە پێچەوانەی ئاراستەی زەمەنی نووسینە، لەوانەیە رۆلان بەم واتایە وات دادەنا کە نووسەر خیانەتی کردووە ین زەمەنی نوسین کەم وکوڕی هەیە، بۆیە کاتێک کە مرۆڤ دەنووسێت واتە یان دەکەوێت یان کۆتایی دێت.، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە بە ڕەهایی(موتلەق) زەمەن ببڕێت یان

بگوازێتەوە بۆ زەمەنی ئێستا.ئەمەش لە خۆید پاساوێکی تەواوە کە نووسەر بە پێی پێویسی دژی ئەو کارە ئەدەبییە بێت کە نووسیویەتی.

کارە ئەدەبییەکەی نووسەر وەک رۆشتنێکی پێویست دەژێت نەک وەکوو واتایەکی هەتا هەتایی و جێگیر و دامەزراوەیی، وەک چۆن لایەنگرانی ڕەخنەی نەریتی نووسەریان بە ئەزەلی دادەنا. لەگەڵ وونبوونی نووسەر گەڕانی تەقلیدی بۆ واتا لە ناو دەقدا سەبارەت بە ژیانی نووسەر و مێژووی بەرهەمەکەی بوونی نییە، لەم حاڵەتەدا رۆڵی ڕەخنەگر پێویست نابێت بۆی، لەگەڵ نووسەر بزر دەبێت و نامێنێت.

بوونی پێکهاتە بریتییە لە گەڕان بۆ ئاستەکانی کاری نووسەر نەوەک بۆ گەڕان بۆ قوڵاییەکەی، یا ناوەڕۆکەکەی، ئەمەش سڕینەوە یان سکان کردنە نەک دزەکردن. نووسین هەڵ ناوەشێتەوە بەڵکوو واتا بەرهەم دەهێنێت، بەڵام مەبەست لە بە هەڵم بوونی نووسین ئەوەیە بەردەوام ئازاد دەکرێت.

ئمەش ئەو شۆڕشەیە کە (بارت) مەبەستیەتی، ئەمەش واتا رزگار بوون لە لاهووتیەت و کردنەوەی ئاسۆی دەق و ئاسۆی واتایە(مانا).لێرەوە رەخنە لە لەو گوازارشتە دەگرێت کە دەڵێت: نووسەر ئەو خواوەندەیە کە ووشەی پووختکراو دەنووسێت و واتایەکی بۆ درووست دەکات، ئەمەش ناوی دەندرێت (واتای لاهووتی)، کە تێگەشتنێکی چڕکراوە و یەک جۆری تێگەیشن پێشکەش دەکات.لە لایەکی ترەوە تەفسیرێکیش چوار دەوری ژییان و کاری نووسەر دەگرێتەوە، بە تەواوی شتی تازە پێشکەش ناکات، بەڵکو ئەو شتە جیاوازانە هەڵدەبژێرێت کە نووسەر بە هۆی رۆشنبیری جیاوازی وڵاتانەوە لە بیر و هزریدا ماوەتەوە و پێی کاریگەر بووە.

رۆلان بارت تێروانینی وایە کە نووسەر یچ نییە جگە لە کۆکەرەوەی پەپوولە کە لە شتێکی کۆن شتی دیکە درووست دەکات، بەڵام بوونەوەرێکی تر پێی وایە ئەو شتە کۆنەی پەپوولەکە تازەیە، بەڵام خۆی لە بنەڕەتدا کۆنە. لە بەرامبەر ئەمەدا

(بارت) پارێزگاری لە دەقی فرە واتا دەکات، کە ئامانجی ڕوونکردنەوە و هەڵکۆڵینی واتا بێت، دوای ئەوەی کە هەموو شوێنەوارێکی نووسەر وون دەبێت. ئەمەش دەرگا لەبەر دەم داهێنان و ئاراستەو ڕەهەندی نوێ دەکاتەوە، کە لە کاتی خوێندنەوەدا درووست بووە.

ئەگە هیچ ئاسۆیەک دیار نەبێت ئەوا نووسەر هی بوونێکی لە ناو دەقدا نابێت، هیچ نرخێکیشی لە ئەدەبیاتدا نابێت، ئەمەش بەشێکە لە یاری شەڕی شێوەزارەکان و ناتوانێت بوەستێت، چوونکە بەشێکە لە یارییەکە و بوونەوەرێکی زمانیشە، بۆچی؟ چوونکە زمانەکەی یان ئەو شتەی کە دەینووسێت هیچ نییە جگە لەو شتەی کە لەدەرەوەی شوێنە، ڕۆلان بارت کەم کەم قۆناغی پابەند نەبوونی بۆ زیاد کرد لە ناو نووسیندا، ئەمەش  بە واتای پابەند بوونی حیزبی دێت، بۆیە کاتێک کە نووسەر دەبێتە زمان حاڵی حیزب یا حیزبێکی دیاریکراو، ئەوا ئەوەی بۆ خۆی قبووڵکردووە کە بخزێتە ناو شەڕی ململانێی کۆمەڵایەتی وەهمی، لەو ساتەوە بەوە ڕازی بووە کە ببێتە یارییەک کە لە پشت ڕازیکردنی ئایدۆلۆژیاوە بەڕێوە دەچێت.

ئەم جۆرە یارییە لە ڕێگای دانپێدانانی بە چالاکی پیرۆز لە ڕیکخستنی ووشەکانەوە دەبێت. بە پێی تەفسیری (بارت) ئەو کەسە نووسەرێکە یا ڕێک خەری ووشەکانە، کە بێ بەشە لە(واتا)، ئەمەش ئەگەر شوێن و نرخی ئالوو گۆڕ کرد، بەم گۆڕینەش جووڵەکانی مێژوو، تاکتیک و لێدانی خەباتی جیاواز درووست بوو، ئەوکات داوای هەموو شتی لێدەکات، یان داوای هیچی لێ ناکات.ئارەزووی بردنی هیچ شتێکی نییە، تەنها لە یەک حاڵەتدا نەبێت کە بیەوێت شتێک ببات، ئەویش چێژ وەربگرێت لە لادانی ووشەکان.

ڕۆلان بارت هۆکاری ئرمر دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرکووتکردنی ئایدۆلۆجی کە وا لە ڕۆشنبیر دەکات، کە ڕۆشنبیر کردنی خەڵکی بە پێی ڕێنماییەکانی ئایدۆلۆجیا بگرێتە ئەستۆی خۆی و دەست بەرداری نووسینەکەی یەکەمی بێت.کە نووسینی یەکەمی دەقێکە چێز دەبەخشێت و ووجوودی هەیە، ئەمەش بە واتای چێژ وەرگرتن

له دەق دێت. بۆیە (بارت) دەپرسێت ئایا چێژ لە نووسیندا هەیە؟ یان چێژی بۆ نووسەر هەیە؟ بەڵێ نووسین چالاکیەکی بەردەوامە بۆ چێژ وەرگرتن، هەرچەندە ئەگەر نووسەر لە نووسینی دەقێکدا ئازار بچێژێت، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوە بکرێتە پێوەر کە چێژی نووسین بۆ خوێنەر بکاتە بگوازێتەوە.چوونکە ئەمە کاری نووسەر نییە بە دوای ئەو دەقانەدا بگەڕێت کە چێژ دەبەخشنە خوێنەر، بەڵێ بە جۆرێک نووسەر موغازەلەی دەکات، کە نایناسێت و نازانێت کێیە، نازانێت بە چ زمانێک دەقەکەی کە نووسیویەتی دەخوێنێتەوە، بۆیە بۆ نووسەر یەوە باشە کە بەدوای خوێنەرێکی دیاریکراودا نەگەڕێت، تەنها ئەوەی کە دەیەوێت مەودایەک هەبێت کە ڕێگای بدات مومارەسەی چێژی نووسین بکات و چێژ وەربگرێت.، ئەمەش پێی دەڵێن فەزای چێژ، ئەو فەزایەی کە ڕێگە دەدات بە مومارەسەی چێژی نووسین. بە لای(بارت) ەوە نابێت نووسەر خۆی لە قاڵبی جەستەی کەسێک، یان لە شتێکی دیاریکراودا کە پێشتر بۆی دیاری کراوە بخاتە ڕوو، بەڵکوو دەبێت خۆی وەها پێشکەش بکات کە لە (کێڵگەیەکە، فەزایەکە) کە ساتەکانی چێژ وەرگرتنی تێدا بڵاو دەبێتەوە. بۆیە (بارت) دەڵێت: (( دەق لەدەستی بەدیهێنەرەکەی ئازاد دەبێت، و لەم ڕێگایەوە دەتوانین هەست بە واتاکانی ناوی بکەین، ئەو واتا زۆرانەی کە لە دەقدا هەیە بە بێ پچڕان لە کاتی خوێندەوەدا، نەوەک بێین هەست بە واتاکانی دەق بکەین لە کاتی بەرهەم هێناندا، چوونکە ئەم چالاکییە دوای بەرهەم هێنان ونووسینی دەق ڕوودەدات.

هەروەها هیچ کەسێک ناتوانێت ئەوە بڵێت کە داهێنەری زمانە، کە بەسرووشتی خۆ سیستەمێکی هاوبەشە لە هێماکان. بۆیە نووسەرەکان خاوەنی چیرۆک و رۆمان و شانۆگەرییەکان نین کە هەڵگری ناوی خۆیانە، و ناوەکانیان لەسەری نووسراوە و لەسەر بەرگی بەرهەمەکەیاندا چاپ کراوە.، بۆیە چیرۆک و ڕۆمان و شیعر و شانۆگەری ، لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەقەکەدا خاوەنداریێتی نووسەریش تەوا دەبێت، لە شوێنی ئەودا، شیعر، چیرۆک و رۆمان و شانۆگەری بە گوێرەی خوێندنەوەکانیان شوێنی نووسەر دەگرنەوە.

**ئەوەی پارەی بە بەرهەمەکە داوە ئەو کەسە دەبێتە خاوەنی تەئویل و تەفسیری دەقەکە، ئەمەش مەنتیقی سەرمایەدارییە، بە تایبەت سەرمایەداری بەکاربەر. خوێنەریش تەجرووبە و وێنای تایبەت بە خۆی هەیە کە جیاوازە لە تێڕوانینی نووسەر یا خوێنەرەکان، بۆیە مافی خۆیەتی ئەو بەرهەمەی کڕیویەتی چۆنی دەوێت ئاوا بەکاری بهێنێت، نەک وەک ئەوەی ڕەخنەی نوێ و پاش ڕەخنەی نوێش ئەم تێڕوانینەیان رەد دەکردەوە. (بارت) لێرەدا بە پش بەستن بە زمانەوانی رۆڵی نووسەر لە ناو دەقدا تێک دەدات، چوونکە وای دەبینی کە بوونی نووسەر رێگری دەکات لە لە کۆتایی نەهاتنی واتا(مانا) ئەمەش وادەکات دەق ووشک بێت لە لایەن هزری نووسەر و ڕەهەندە واتایی دەلالییەکانی کە دەیەوێت پێشکەشی بکات، ئەو دەیەوێت دەق وا لێبکات کە بەر فراوان و فرە چەشن بێت و بگاتە ئاستی تەقینەوە، کە بەجۆرێک لە لای واتای لاهووتی کۆتایی نەیا و بوەستێت.**

**بۆیە مردنی نووسەر هیچ نییە جگە لە لەدایک بوونی خوێنەری دەق. بابەتەکە لەوە زیاتر تێناپەڕێت، چوونکە بابەتەکە گۆڕینی دەسەڵاتە نەوەک هەڵوەشاندنەوەی وەکوو(بارت) پێی وایە.**

**لەوانەیە بیرۆکری مردنی دەق پاڵپشتی واتای یەگرتووی دەق بکات یان بیگوازێتەوە بە واتای پەرش و بڵاو لە فەزای ئەندێشەدا. ئەمەیە وادەکات خوێنەر ببێتە سەنتەر و میحوەری قسەی دەق، هەروەها ببێتەوە بنکەیەک بۆ داهێنان.**

## **خوێنەر**

**خوێنەر یاخوود بۆ نێرەر ئەو کەسەیە کە پەیام وەردەگرێت لە لایەنی کەسی یەکەم کە بۆ نێردراوە کە دەکاتە نووسەر یاخوود ئاخێوەر. تێڕوانینەکانیش سەبارەت بە وەزیفەی خوێنەر و ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕێت جیاوازە لە پەیوەندیکردن، ئەویش دەبێت(( خوێنەرێکی سلبی یان ئیجابی، یان خوێنەرێکی راستەقینە یان گریمانەیی**

بێت، یاخوود خوێنەرێکی گشتی یا تایبەتی بێت، یان جەماوەرێکی گشتی یا تایبەتی بێت)).

پلە بەندی خوێنەر بە پێی قوتابخانە ئەدەبییەکان و سرووشتی نامەکە جیاوازە و دەگۆڕێت. بۆ نموونە ئەگەر کتێبێک لەسەر مەنتیق بێ ئەوە بەدوای خوێنەی جیاوازدا دەگەڕێت کە رۆمانی پۆلیسییان قبوڵە.

خوێنەریش لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی تر دەگۆڕێت، خوێنەی کتێبی کاغەزی جیاوازە لە خوێنەری سەردەمی جیهانگیری و سەردەمی کتێبێ ئەلیکترۆنی و تەکنەلۆژیای سەردەم، چوونکە لێرەدا وێنە گرنگی خۆی هەیە لە گەیاندنی پەیامەکەدا.

دوو ئاراستەی جیاوازیش بۆ خوێنەر هەیە:

ئاراستەی یەکەم: ئاراستەی (هانز روبرت یاوس) کە پێی وایە خوێنەر چالاکییەکی مێژوویی کۆمەڵایەتییە، پەیوەستە بە چاوەڕوانی ئاسۆی رۆشنبیری کە دیاریکراوە.

ئاراستەی دووەم: ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ (ئەمبرتکۆ ئیکۆ)کە پێی ویە خوێنە چالاکیەکی پێشخراوە لەسەر بنەمای زمان و ئەتڵەسی زانیاری تایبەتی خوێنەر ونیاد دەندرێت، ئەم جۆرە خوێنەرە ئامانجی خۆی لە دیاردەی تەئویل دەپێکێت، بە تایبەتی لەو خاڵەی کە مەبەستی نووسەر و مەبەستی کتێبەکە و مەبەستی خوێنەر بە یەکتری دەگەیەنن.

لە گەوەرترین وەزیفەی ئاڵوگۆڕی کردن لە پرۆسەی گێڕانەوەدا بریتییە لە دوانەیی نووسەر/ و خوێنەر، یان دانەر(موئەلیف)/ و وەرگر. کە (رۆلان بارت) ناوی لەمە ناوە دوانەیی (بەخشەر و سوود مەند )، لەو نێوانەدا گێڕەوە لە نێوانیادا دەوەستێت وەکوو ئامرازێکی گەیاندن، یان گرەوێک لەسەر پەیوەندی نێوانییان دەوەستێت. لێرەوە دەق دەستی هاوکاری بۆ هەردوولا دەکاتەوە کە پێوەی دەناسرێن، یان ئەوان دەیڵێن یان پێکی دەهێننەوە، کە دەکرێت هەردوولا

ڕۆڵەکانییان ئاڵوگۆڕ بکەن، بۆیە ناکرێت گێڕەوەیەکەی بێ موئەلیفی بێ لایەنی نێردراو هەبێت. بۆیە مەنتیقی نییە وێنای دەقێک بکەیت کە دابڕاو نەبێت بە پێی دەسەڵاتی وتارەکەی و وەزیفەکەی بۆ خوێنەر یان گوێگر.

ئەم گرنگی پێدانەی خوێنەر کە ئێستا هەیە پێشتر گرنگی پێ نەدراوە لە چوار چێوەی داهێنەری ئەدەبیدا.

ڕۆلان بارت خوێنەربەسەر چوار گرووپدا دابەش دەکات، ئەوانیش:

1 – خوێنەری ئالوودە: ئەو خوێنەرەیە کە چێژ لەبەرهەمهێنانی وتارێکی هاوتای دەق یان ڕەخنەگر و زمانەوانی و سیمۆلۆژیا وەردەگرێت.
2 – خوێنەری هیستیری: ئەو خوێنەرەیە کە باز دەداتە ناو گەردەلوولی دەق و ئەو زمانەی کە سنووفی بۆ نییە.
3 – خوێنەری بارنۆکی: ئەو خوێنەرەیە کە دەقێکی وڕێنەیی لە پەراوێزی خوێندنەوەکە خوێندنەوەکەدا بەرهەم دەهێنێ.
4 – خوێنەری فیتیشی: ئەو خوێنەرەیە کە چێژ لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی دەقدا وەردەگرێت.

لەگەڵ ئەم دابەشکردنەدا مەبەستەکان خوێنەر بە پێی ئامانجەکەی دەگۆڕێت، هەندێکییان ئامانجییان ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ ڕای بگەیەنن، یان تەئویلی بکەن و واتا جیاوازەکانی ناو دەق شیبکەنەوە. یان خوێنەری ڕەمزی هەوڵ دەدات ڕەمزەکان بدۆزێتەوە و هۆکاەکانیان تێبگات و بزانێت. یان دەکرێت خوێنەرێک هەبێت کە بیەوێت تەواوی بنەماکانی ڕەمز و دەلالەتەکانی وەربگرێت. کاتێک کە خوێنەر لاپەرەکانی دەقەکە دەگوازێتەوە تا کۆتایی بەردوەوام دەبێت، ئەم هەوڵدانەش هەمووی لە پێناو چێژ وەرگرتنە لەو دەقە.

## فێمێنزم:

فێمێنێزم بزووتنەوەیەکی یەک پارچە و سادە نییە بەڵکوو چەندین جۆر و لقی هەیە هەندێ جار باس لە سێ جۆری سەرەکی فێمێنیزم دەکرێ{ لیبرال و ڕادیکاڵ و مارکسی} یاخود فیمینزمی سۆسیالیستی. شەپۆلی دووەمی فیمێنیزم بە گشتی لە ڕەخنەی چۆنیەتی نواندنەوەی ژنان لە کلتووری گشتی و میدیای کۆییدا کە نواندنێکە نایەکسان و چەوسێنەرانە بەدی هات. هەر جۆرێکی فێمێنیزم ڕوانینێکی تایبەتی بۆ پرسی بندەستی ژنان هەیە و چارەسەر و هۆی جۆراوجۆری بۆ دیاری دەکات. فێمنیزمی لیبراڵ گرفتی سەرەکی لە دۆخی کار و نایەکسانی ئابووری ژنان و هەلی نایەکسانی کۆمەڵایەتیدا بە پێی جنسییەت دەبینێ و ڕێگە چارەش لە بە دیهاتنی یەکسانیدا دەزانێ. بە ڕای لیبراڵەکان زاڵبوونی پیاو بە سەر ژناندا لە یاسا ناوەکی و دامەزراوەیی بۆتەوە، بۆتە هۆی دەرکردنی ژنان لە پانتاییە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی. بەم پێیە فێمنیزمی لیبراڵ داکۆکی لە ئامانجی یەکسانی ژن و پیاو دەکات ئەم ڕوانینە بە تایبەت لە فێمێنیزمی ئەمریکایی و ئینگلیزیدا ئامادەیە، بەڵام بە ڕای فێمێنیزمە ڕادیکاڵەکان چەوساندنەوەی ژنان بەرهەمی سیستەمی باوک سالارییە.

ڕادیکاڵەکان بە پێچەوانەی لیبراڵەکان کە جەخت لەسەر یەکسانی دەکەنەوە جەخت لەسەر جیاوازی بنەڕەتی ویستەکانی ژن و پیاو دەکەن و ڕێگەچارەکە لە جیاکردنەوەی ویستی ژنان لە ویستی پیاواندا دەبینن. فێمێنیزمە مارکسیستەکان سەرچاوەی سەرەکی چەوسانەوە و سەرکووتکردن و نا یەکسانی بەرامبەر ژنان لە سیستەمی سەرمایەداریدا دەبینن، دەی ئەنجنن، دەیکوژن. لەم ڕوانگەدا دەسەڵاتی پیاو بە سەر ژندا یەکێکە لە دەرکەوتەکانی دەسەڵاتی سەرمایەداری. ئەوان پێیان وایە دەسەڵاتی پیاوانە بەشێکە لە سیستەمی سەرمایەداری و بەم پێش گۆڕانی پەیوەندی تێکەڵ بە دەسەڵاتی جنسی تەنیا لە ڕێگەی سەرکەوتنی سۆسیالیزمەوە بەدی دێت. هەندێ نووسەری دیکە هەر لەم چوارچێوەیەدا چەوساندنەوە و نایەکسانی بەرامبەر بە ژنان بەرهەمی تێکەڵبوونی سەرمەداری و باوک سالاری

دەزانن لەم ڕوانگەدا ڕەگی نایەکسانی جنسی لە سروشتی جنسیدا نییە، بەڵکوو جەوهەری دەستکردی کلتوورە. ئەمڕۆکە بە گشتی چەقی باس و خواسی فێمینیزم لە دەوری دووچەمکی سەرەکی {یەکسانی و جیاوازی} دەگەڕێت. فێمینیزمی لیبراڵ لاکۆکی لەسەر ئامانجی یەکسانی ژن و پیاو دەکات لە کاتێکدا فێمنیزمی ڕادیکاڵ جەخت لەسەر مافی جیاوازبوون دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا یەکسانی و جیاوازی خۆیان دوو چەمکی شاراوەن و خاوەن گەلی ڕەهەند و لایەنی جۆراوجۆرن و لە هۆڵ و مەرزی جیاوازدا واتە جۆراو جۆرا وەریان گرتووە. لە بەریەککەوتنی بیروڕادا فێمێنیزمی ئەورووپی جەخت لەسەر جیاوازییەکان دەکات لە کات تێکدا فێمنیزمی ئەمریکی ئینگلیزی پێ لەسەر یەکسانیدا دەگرێت فێمەنیستە ئەمریکییەکان بە زۆری خۆیان لەپێداگیری لەسەر جیاوازی پاراستووە ڕەخنەیان لێ گرتووە، چونکە بە ڕای ئەوان ئەم پێداگیرییە دەربڕی چەشنێک زیندەوەر زانیخوازییە واتە

باوەڕ بوونە بە جیاوازیی جەوهەری و لە ڕەگەزپەرستییەوە نزیکە بەم چەشنە زەمینەی مێژووی وڵاتان کاریگەری لەسەر شێوەی تایبەتی فێمێنیزمی ئەوان هەبووە لەگەڵ ئەمەشدا لایەنگری لە تیۆری یەکسانی و جیاوازی ناکرێن بە پێی نەتەوە دابەش بکرێن هەروان وەک ئاماژەی پێکرام هەندێ لێکدانەوەیە تێکەڵەیەکی ئەم دوو کوێرە و هەتا یەکسانی و ئەو کاتی بە ڕاستنی جیاوازی قاییلم.

چالاکانی ڕەسەنی فیمینیزم:

(ڤیرجینا ولف) لە کتێبی( ژووری تایبەت بە خۆی–١٩٢٩) بە یەکێک لە پێشەنگەکانی ئەندێشەی فیمینیزمی ئینگلیزی و ئەمریکایی دەناسرێت، چەندین لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانی کرا، بە تایبەت لە لایەنی گرووپەکانی مۆدێرنێتە و دواتر لە لایەنی لێکۆڵەرانی ترەوە هەوڵەکانی (ڤیرجینا ولف)یان لە بابەتەکانی ژنانەوە دەکۆڵییەوە. بابەتەکانی کە جیاوازی ژنانیان لە بەرهەمەکانیاندا نەخش دەکرد. هەروەها (مێری ئیلمنی١٩٨٦) دوو جۆر شێوەی نووسین لە کتێبی (ئەندێشەی ژنان) پێشنیاز دەکات، ئەوانیش(نووسینی پیاوانەی خاوەن ئامرازێکی قودرەت دار،

نووسینی ژنانەی کە شێوازێکی کراوەتری هەبێت). ئەم کتێبەش کاریگەری باشی لەسەر بواری ئەدەبیاتی ژنان هەبوو، دواتر گۆڕدرا بۆ رەخنەی فیمینستی.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئایا شێوەی نووسینی ژنانە و پیاوانە جیاوازییان هەیە؟ ئەگەر وایە چۆن دەتوانین شێوەی نووسینی ژنانە پێناسە بکەین؟

کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٧٠ و بە درێژایی دەیەی ١٩٨٠ ئەم دیدگایە ئاراستەی دیاریکراوی بۆ نووسینی ژنانە هەبوو، کە نووسەرانی فەرەنسایی وەک (ژوولیا کریستوفا، هیلین سیزو، لویس ئیریگاری) ئە جۆرە تێڕوانینەیان بەرهەم دەهێنا وبوونیاد دەنا.

یەکێکی تر لە بەرهەمە سەرەتاکانی ئەم تیۆرە کتێبی ( سیاسەتی جنسی) هی (کینتا میلیت)ە کە لەساڵی ١٩٧٠ لەسەر ژنان و پیاوان نووسی. لەم بەرهەمە بە پێی تێڕوانینی هەندێک نووسەر ئەوە نیشان دەدات کە ئەم بەرهەمە، شێوەی ژنانی لەسەر بنەمای پیاو سالارانە شێوەی گرتبوو، (میلیت) قودرەتی پیاوانەی بەرامبەر بە ژنان بە جۆرێک لەسەرکووت کردن دەزانێت، باوەڕی وایە سوڵتەی پیاوان بە هۆکاری ترسی ژنانە لە سنوور بەزاندن، هەروەها بە هۆی هاوکێشەی رۆڵی جنسی کە جۆری چالاکی ژنان دەبەنە پاڵی و لە کۆتاییدا دیاری دەکەن و هەڵی دەگرن.

هەروەها پێی وابوو کە رۆڵی(رەگەز– جنس)ی بەهاکانی فەرهەنگ دیاری دەکەن، ئەم بەهایانەش دووبارە بەرهەم هێنانەوەی کۆمەڵگەن. لە بەرامبەردا فیمینیستەکان لە سەر بوونیادی کۆمەڵگەی جنسی قسە دەکەن، ئامانجییان ئەوەیە کە رەگزی کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەی رەگەزی سرووشتی لە رووی بایۆلۆژییەوە درووست نەبووە، بەڵکوو بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە.

هەندێکی تر لە فیمینستەکان بابەتی دوو رەگەزییان دەخستە روو، کە نووسەری ئەم تێڕوانینەش (کارولین هیل بردن بوو– ١٩٧٣). دواتر هەموو ئەم تێڕوانینەش لە نێو ئەدەبیاتدا ڕەنگی دایەوە، وەکوو چیرۆک و رۆمان و شیعر. ک فیمینستەکان تێڕوانینەکانیان لەسەر بنەمای پیاو سالاری دیاری کردبوو.

## پیاو سالاری:

**پیاو سالاری گوزارشتێکی نوێیە، کە زیارتر پلەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی هەیە.جۆرێک لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی پیشان دەدات، کە باوک تیایدا بڕیار بەدەستی کۆتاییە، پیاو حاکمی سەرەکی و ژنیش تابعی ئەوە، هەڵبژاردن و بڕیاری بەدەست نییە.پیاوسالاری(( ڕەنگدانەوەی ئەزموونەکانە، بەهاو بەرژەوەندی پیاوانە بە ناونیشانی یەک گرووپی پارێزکار کە تایبەت بەخۆیانە)). باوک سالاری و تەنانەت ژن سالاری لە فەرهەنگی کۆمەڵگەی کۆندا نەریتێکی ئاسایی و قبوڵکراو بووە، ،بەڵام لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا بابەتی مافی ژنان و پەیوەندی نێوان ژن و مێرد و مافی موڵکداری ژنان، خوێندن و کارکردنی ژنان، چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنان بە تەفسیری فیمینیستی بابەتی پیاوسالاری سەنتەری گرنگی پێدانە و گوزارشتە لە گووتار و گێڕانەوەیەکی تەواوە کە بە یەکێک لە بابەتەکانی فیکری ئاڵوگۆڕی پێکراوە. ململانێی نێوان ژن و مێرد، پاشەکشێی ئابوری، تێکشکانی کۆمەڵایەتی، کێشەی فەرهەنگی، بە یەکێک لە پەیامەکانی پیاو سالاری دادەندرێت. فیمینیستەکان نەک پیاوسالاری بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنێن، بەڵکوو بە دیاردەیەکی مێژوویی لەبەرچاو دەگرن.((پیاوان بە درێژایی مێژوو لەسەر ژنان دەسەڵاتدار بوونە)). بە تێڕوانینی فیمینیستەکان مرۆڤایەتی پیاوسالار و لە ژێر کۆنترۆڵی پیاوان بووە.چەمکی ڕەگەزی بنیاتنانی شارستانیەت پیاوسالارییە.**

## هێرمۆنتیکا:

**زاراوەی هێرمۆنتیکا دەگەڕێتەوە بۆ ووشەی {hermeneuein}ی یۆنانی، کە بە واتای تەفسیر و تەئویل وەرگێڕانی بۆ دەکرێت، هێرمۆنتیکا راستەوخۆ پەیوەستە بە بابەتەکانی تەفسیر و تەئویل، هەمو پێناسەکان بە جۆرێک پەیوەندییان بەم زاراوەیەوە هەیە.**

دەقە کۆنەکان زاراوەی hermeneuein و Hermeneaیان بەکار هێناوە، بۆ نموونە (ئەرەستۆ) گرنگی بە بابەتی تەئویل داوە، بەشێکی تایبەتی ۆ تەرخان کردووە لە ژتێبەکەی بە ناوی(ئەرغەنوون)کە تایبەتە بە یاساکانی قسەی مرۆڤ.

هەروەها بەشێک لە کتێبەکانی (ئەفلاتوون) ئەم زاراوەیە بەکار هاتووە.لەسەر ئەم بنەمایە بەکار هێنانی ئەم زاراوەیە لە دوقە کۆنەکاند بە تەفسیر و تەئویل هاتووە. پەیوەندییەکی پتەویش لە نێوان زاراوەی (هێرمۆنتیکا) و (هرمس) دا هەیە.

(هرمس) خواوەندی یۆنانی بووە، بە واتای گەیاندنی نامەیە لە لایەن خواوەندی هرمس بۆ خەڵکی.لەسەر ئەم بنەمایە حەقیقەتی (هرمس) گەیاندنی نامەیە. بۆیە هێرمۆنتیکا لەم لایەنەوە بە خواوەند هرمس پەیوەستە و بەستراوەتەوە. کەواتە هێرمۆنتیکا زانستی شیکردنەوەو ئاشکراکردنی ئەو رێگایانەیە کە واتا و مەبەست دەگوازێتەوە، بۆیە ئامانجی سەرەکی هێرمۆنتیکا چۆنیەتی گەیاندنی پەیامە بۆ مرۆڤەکان.

هەندێک وای دەبینن پەیوەندییەکی بنەڕەتی لە نێوان زاراوەی (هرمس و هێرمۆنتیکا)دا هەیە، بە هۆی سێ رەگەزی گرنگ لە کاری شیکردنەوەدا، کە ئەوانیش ئەمانەن:

رەگەزی یەکەم:

ئاماژە یان پەیام یان ئەو دەقەی کە دەبێت تەفسیر بکرێن.

رەگەزی دووەم: بوونی نێوەندگیر یان ئەو شیکەرەوەیەی کە پەیامەکە دەگەیەنێت.

رەگەزی سێیەم: گواستنەوەی پەیامەکە بۆ گوێگران.

(هرمس) رەگەزی دووەمی ئەنجام دەدا کە ئەویش رۆڵی واسیتە و شیکردنەوەیە.

هەروەها زاراوەی( هرمایوس– hermaios) ئاماژەیە بۆ ئەو کاهینەی پێشبینی دەکرد لە پەرستگای (دیلفی) هەروەها وەها سەیری (هرمس) ی دەکرد کە خوای

پەیامە.هەروەها (مارتن هایدگەر) وایدەبینی کە فەلسەفە تەئویلە. دەڵێت: فەلسەفە بەرامبەر بە زانستی هێرمۆنتیکە، هەروەها بەستراوەتەوە بە هرمسەوە.

هیرمۆنتیکا بە واتای جێگۆڕکێیە، بۆ تێگەیشتنی چەند ئاراستەیەک هەیە باسی هیرمۆنتیکیان کردووە، کە ئەمانەن:

## تیۆری تەفسیری کیتابی پیرۆز:

دەکرێت ئەم پێناسەیە بە کۆنترین و بەربڵاوترین پێناسەی هیرمۆنتیکا دابندرێت، چوونکە سەرەتای بەکارهێنانی جیدی بۆ ئەم پێناسەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێویستییان بە تۆمارکردن و شیکردنەوەی کتێبی پیرۆز راستەقینەبووە.ئەمەش ئەو ناونیشانە بوو کە (دان هاور) بە ناوی(هیرمۆنتیکای پیرۆز یان پرۆگرامی تەئویلی دەقی کۆنی پیرۆز ١٦٤٥ز.)نووسیویەتی.

لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا ئەم زاراوەیە بۆدەقە ناپیرۆزەکانیش بەکار هاتووە، چوونکە پێیان وابوو هاوشانی دەقە پیرۆزەکانە، کە پێویستەمانە لێی تێبگەین. ئەم زاراوەیە لە ئەدەبیاتی کلاسیکیدا بە دیارکەوتووە، کە هیرمۆنتیکای کلاسیکی ناوبراوە.(جان مارتن کلادینیوس ١٧١٠–١٧٥٩ز) دەڵێت: زۆر ئەستەمە لە کۆی زاراوە و گووتەکانی دەقێک بە تەواوی تێبگەین بە هۆی ئەو نادیاریانەی تێیدایە. بۆیە دەکرێت لە رێگای چەند بنەمایەکی ئازادەوە، بە پشت بەستن بە ئازادکردنی بنەماکانی ئەم زانستە ئەم تەم ومژە لە ناو دەقدا بڕەوێنینەوە.

لە ناو زانایانی ئیسلامدا هیرمۆنتیکا بەرامبەر بە تەفسیر دێت، کە بنەماکانی دین و قورئانیان تەفسیر کرووە.

## تیۆری تێگەیشتن:

لەم تیۆرەدا (شلابیر ماخر) وای دەبینی کە هیرمۆنتیکا هوونەری تێگەیشتنە، تەفسیر زۆر جار بەردەوام دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە، بەهۆی هەڵە تێگەیشتن لێی،

بۆیە بەلای ئەمەوە هیرمۆنتیکا کۆمەڵە بنەمایەکە بەکاردێت بۆ نەهێشتنی ئەم مەترسییە.

## پرۆگرامی گشتی بۆ زانستەکانی مرۆڤایەتی:

(فیلهیلم دلتای) وای دەبینی کە هیرمۆنتیکا پرۆگرامێکی گشتییە و زانستێکە کە هەموو زانستە مرۆڤایەتییەکانی لەسەر بوونیاد دەندرێت. بۆیە هەوڵی داوە ئەم زانستە بکاتە مەنهەجییێکی گشتی بۆ تێگەیشتنی تەئویل، هەروەها پێی وابوو کە هیرمۆنتیکا باشترین پرۆگرامە کە رێگا خۆش دەکات بۆ تێگەیشتنی درووست بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان.

## تیۆری وجوودیەت بۆ تێگەیشتن:

ئەو سێ تیۆرەی یەکەم زۆر لە یەکتریەوە نزیکن، چوونکە لە سەدەی ١٧ تا کۆتاییەکانی سەدەی١٩مەبەست لەم زانستە(تەئویل– هیرمۆنتیکا) بوو، کە ئامانجی نەکەوتنە ناو هەڵەی تەفسیر و بیرو ڕاکان بوو.

لەسەردەمی رۆشنگەری هیرمۆنتیکایان وەکوو زانستیکی هاوکار(مساعد)دادەنا، بۆیە هیرمۆنتیکای کەلامی و فەلسەفی و ماف پەروەرییان لە پێناو شیکردنەوەی دەقدا تۆمار دەکرد، کە لەم تیۆرەدا وجوودی مرۆڤەکان تۆمار دەکرا.(هایدگەر) وای دەبینی کە هیرمۆنتیکا شیکردنەوەی شێوەی مرۆڤەکان بووە، بۆیە هەوڵ دەدرا ئەم زانستە لەسەر بنەمای ووجوودیەت شیبکاتەوە، بۆیە وای لێهاتبوو لەسەر بنەمای ووجوودیەت هێرمۆنتیکا دابمەزرێت.

هایدگەر هیرمۆنتیکای لە مەیدانی مەعریفەوە گواستەوە بۆ ووجوودیەت، بە پێچەوانەی(گادامیر)کە هەوڵی دەدا هیرمۆنتیکا بگەڕێنێتەوە گۆڕەپانی مەعریفەیی و کێشەی هێرمۆنتیکا چارە بکات، کە گونجاوبێت لەگەڵ هەموو بوارەکانی مەعریفەدا. بۆیە هایدگەر دەیگووت هێرمۆنتیکا نەبەستراوەتەوە بە هوونەری

**تەئویل، هەروەها خوودی تەئویلیش نییە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە ئەم زانستە چییە؟.**

**دای سەردەمی هیرمۆنتیکای فەلسەفی پول ریکۆ بۆ ئەوە چووە کە هیرمۆنتیکا لێکچووی سیستەمی تەئویل و تەفسیرە.بەم شێووازە پێناسەی کردووە کە(( تیۆرێکە بۆ بنەماکانی دەسەڵاتی تەفسیر، یان بە واتایەکی تر دەقی تایبەتە یان ئاماژەیەکە بە دەق دادندرێت، کاری تێگەیشتنە لە کاتێکدا مامەڵەی لەگەڵ دەقدا دەکرد)).هەروەها وای دەبینی کە هێرمۆنتیکا کردارێکە بۆ کردنەوەی هێماکان، بە جۆرێک کە لەواتای ئاشکراوە دەست پێدەکات بە مەبەستی گەیشتن بە واتای ناوەوە دیاری کراوە).**

**<u>بونیادگەری</u>**

*(مامۆستای بابەت<سەیوان موحەمەد تاهیر> بەشی زمان و ئەدەبی کوردی، قۆناغێ چوارەم).*